غەفوور مەخموورى

بناری قەرەچووغ

چاپی دووەم ٢٠٢٥ هەولێر - کوردستان

بناری قەرەچووغ

غەفوور مەخموورى

بناری قەرەچووغ

غەفوور مەخموورى

چاپی دووەم ٢٠٢٥ کوردستان - هەولێر

بناری قەرەچووغ

بابەت: **فۆلکلۆر**

ناوی نووسەر: **غەفوور مەخموورى**

پیت چنین و هەڵەچنی: **غەفوور مەخموورى**

دیزاینی ناوەو بەرگ: **بەلوگرافیك - ۰۷۵۰۵۷۵۸٤۲۸**

چاپ: **چاپی دووەم ۲۰۲۵**

تیراژ: **۱۰۰۰ دانە**

چاپخانە: **ماردین**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان

ژمارە (۱۵۳)ی ساڵی ۲۰۲۵ ی پێدراوە.



وێنەی بەرگی چاپی یەکەمی بناری قەرەچووغ

پێشەکی چاپی دووەم

غەفوور مەخموورى

ساڵانی ١٩٨٦ تا ١٩٨٩ دەستم بە کۆکردنەوەی تێکستە فۆلکلۆرییەکانی دەڤەری مەخموور و قەراج کرد، لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆری تێکستی هۆنراوەو حەیران و بەسەرهات و هەقایەت و رووداوی فۆلکلۆریم کۆکردەوەو تۆمارم کردن، ساڵی ١٩٩٠ یەکەم بەشی تێکستە فۆلکلۆرییەکانم کە بریتی لە کۆمەڵێ هۆنراوەی فۆلکلۆری و چەپکێ حەیران، لە کتێبێکدا بە ناوی (بناری قەرەچووغ) چاپ و بڵاوکردەوە، بەشێکی زۆری تێکستەکانی دیکەشم هەڵگرت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بڵاویان بکەمەوە، لەو ماوەیەدا کە بیرم لە چاپکردنەوەی بەرهەمە

ئەدەبییەکانم کردەوە، بڕیارمدا (بناری قەرەچووغ) بۆ دووەم جار چاپ بکەمەوە.

ئەو هۆنراوانەی کەوا بۆ بەرگی دووەمی (بناری قەرەچووغ) ئامادەم کردبوون و دەستنووس بوون، پاش ئەوەی پێیانداچوومەوەو گوڵبژێرم کردن، بەرگی دووەمیشم خستە ناو چاپی دووەمی (بناری قەرەچووغ) و کردوومن بە یەک کتێب و، بەشی زۆری تێکستی هۆنراوە فۆلکلۆرییەکانم لێرەدا لەم بەرهەمەی بەردەستتاندا بڵاوکردۆتەوە.

بێگومان دەڤەری مەخموور یەکێکە لە دەڤەرە دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە رووی فۆلکلۆرەوە، کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەو فۆلکلۆرە رەسەنە لەگەڵ رووخاندنی گوندەکانی دەڤەرەکە لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاو لەناوچوون، هەروەها لەگەڵ کۆچی دواییی هەر ژن و پیاوێکی بەساڵاچووی دەڤەرەکە، خەزێنەیەکی ئەو فۆلکلۆرەمان لەدەستچووە.

ئەم هۆنراوەو حەیرانانەی دوو توێی ئەم کتێبە تایبەتن بە دەشتی قەراج و مەخموور و کەندیناوە و گوزارشت لە سروشت و بۆنەو شێوەی ژیان و روانینی هۆنەرانی میللی

ئــەو دەڤــەرە بــۆ رووداوەکانی دەڤەرەکــە و کوردســتان دەکــەن، ئــەوەی دەیخوێننــەوە بەرهەمــی شــایەرو هۆنــەرانی میلــلی بنــاری (چیــای قەرەچــووغ)ە، لــە (بنــاری قەرەچــووغ)ەوە بــۆ شــوێنی دیکــە رۆیشــتووەو بڵاوبۆتــەوە، بێگومــان هــەر تێکســتێک مایــەی رامــان و هەڵوەســتە لەســەرکردنە، هیــوادارم ئــەم کارەم ئــەو جێگــەی بایەخــی خوێنــەرانی ئازیــز بێــت و، ببێتــە ســەرچاوە بــۆ ئــەو بەڕێزانــەی لــە بــواری فۆلکلــۆردا کاردەکــەن و لــە تێکســتە فۆلکلۆرییــەکان دەکۆڵنــەوە.

هیــوادارم بــەم کارە ســادەیەم توانیبێتــم ئــەم هۆنــراوە و حەیرانــە فۆلکلۆرییانــە زینــدوو بکەمــەوەو لــە فەوتــان بیانپارێــزم و، ســامانی کەلەپــووری نەتەوەییــمانی پــێ دەوڵەمەنــد بکــەم. ... لەگــەڵ ڕێــزو خۆشەویستیم بــۆ هەمــوو لایــەک.

٢٠٢٥/٢/٤

ڕۆما - ئیتاڵیا

چرپەیەك !!

خوێنەری خۆشەویست: ئەم بەرهەمەی بەردەستت بریتییە لە کۆمەڵێ هۆنراوەی فۆلکلۆری و چەپکێ حەیران، ئەم هۆنراوەو حەیرانەش تایبەتن بە دەشتی قەراج و مەخموور ... واتە بناری چیای قەرەچووغ، بۆیە بەرهەمەکەش هەر بەناوی (بناری قەرەچووغ)ەوەیە.

هیوادارم شتێکم بە شتێك کردبێت و توانیبێتم ئەم هۆنراوە و حەیرانە فۆلکلۆرییانە لە فەوتان رزگار بکەم.

غەفوور مەخموری

زستانی ١٩٨٧

مەخموور - کوردستان

چەپکێك هۆنراوەی فۆلکلۆری

هە ڕاوە ڕاوە

هە ڕاوە ڕاوە...
هێ برام چ ڕەشە ڕاوە
ئەو شینکەی ناوقەد باریك
لە نواران پاریداوە
درم نەهات چی بڕێمێ
دەوم لە هەوکی ناوە

***

هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە بستێ سەڵماسی[1]
هەسپان زین و لغاوکەن
تاژیان نێچیر نەناسی
هێ بریانم تیمارکەن
بە دەستێ ناو مەیاسی

***

١. سەڵماس: گوندێکە لە دەشتی قەراج.

هه ڕاوه ڕاوه...
ڕاو له چۆم و چۆم بەستان
هەسپان زین و لغاوکەن
تاژییان بگرن له ڕستان
هێ بریناںم تیمارکەن
بەدەستێ کەونه دۆستان
***
هه ڕاوه ڕاوه...
ڕاو له بستێ گەزۆکی[٢]
هەسپان زین و لغاوکەن
تاژییان بەردەن چەپۆکی
هێ بریناںم تیمارکەن
بەدەستی ناو عەیشۆکی
***

٢. گەزۆك: گوندێکه لەدەشتی قەراج.

هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە چۆمێ زمارێ[٣]
هەسپان زین و لغاوکەن
تاژییان بەردەنە کارێ[٤]
هێ بریانم تیمارکەن
بەدەستی کەونە یارێ

***

هە ڕاوە ڕاوە...
ڕاو لە دەورەی قەراتێ
هەسپان زین و لغاوکەن
تاژییان نێچیر ناگاتێ
هی بریانم تیمارکەن
بەدەستی پووڕە فاتێ.

٣. زمارە: گوندێکە سەر بە ناحیەی گوێڕ لەقەزای مەخموور.
٤. کار: کارمامز، کارئاسك.

دەلێمگەڕێ

دەلێمگەڕێ لێمگەڕێ
بترازینم کەمبەرێ
بەیانی ڕۆنکردووە
لۆ خۆم زوو بچمە دەرێ
هاتووە لەلای هەندێزێ
بە لیرەی دەکەم ڕێزێ
با لەسەر تۆ بمکوژن
وەك مام (ساڵح)ی تەورێزێ

***

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ
هەردێ لەلای گاورکان
ناوێرم ئەو کچەی ماچکەم
لەبەر منداڕە وردکان

***

هاتووە لەلای تەم تەمێ

دوو خاری لەسەر دەمێ
بە قوربانی تۆی دەکەم
گەورەو گچکەی عەجەمێ

***

بەری عاسمان بە هەورە
سپییە وەکوو بلەورە
بە جدی بابی گەورە
دوونێکەم ئەو کچە ماچکرد
جێ شوێنی سمێرم چەورە

***

هاتووە لەلای هەورازی
بە کراسی چیتی غازی
تەگبیریان لە یارێ کرد
مەمکی بگرن بە گازی

***

هاتووە لەلای بیتوێنێ
لێم زیزە و نامدوێنێ

به چاوان چاوم لێکرد
به برۆیان دەمدوێنێ
هێ کچێ بینە ماچتکەم
برندێ چاو شەهێنێ
هەموو جەرگم کون کونە
پاکی خین دەدەرێنێ.

ماچ

سـبەینەکێ دای بەیانـی
کیـژان دانـان کـۆرو کانـی
سـوبحانەڵڵا چەنـدە جوانـی
دەرێـێ گـورێ نـاو باغانـی

***

لەگـە توومـە لفکـە شـۆڕێ
بەسـمان بـە غـەزەب بنـۆڕێ
بەسـمان بنـۆڕێ بـە غـەزەب
ماچەکـت لێدەکـەم تـەرەب
تـەرەب دەکـەم لە هـی گەردەنێ
تۆقـێ دەگۆتنـە بەربەنـێ
یـەك لـە یەکـێ ناکەیـن فەنـێ
هەتـا رۆژێ پـێ مردنـێ

هێ کاکە سەرێ من دێشی

- ١ -

هێ کاکە سەرێ من دێشی
دەردێ لە درم گرانە
دەچم لۆ عەلی رەشی[٥]
جێی کێژو کارانە
نەینۆك لەگەر کلدانە
بە منی دەدا نیشانە
سوندی دەخوا بە قورعانێ
کڕیم لە عەتارانە
کانییەکی پێ دەزانم
لەسەر لوتکەی شاخانە
وەرە لۆ خۆمان بچین
شك نابەن ئەو خزمانە
دەچوومە سەر کانیێ

٥. عەلی ڕەش: گوندێکە لەدەشتی قەراج.

گازمدەکرد حەیرانە
چاوڕەش بەوێدا دەهات
دەمانکرد گەوز گەوزانە
سوسن و هەڕارە و بەیبوون
هاتن گەیینە چۆکانە
هێ برام گەلە عاجزم
دەچمە ناو عارەبانە
یەغبارم گەلەك ڕەشە
لۆم نایێ دەغرودانە
دەچم لە بۆ مەغموورى
هەمووى کۆران کۆرانە
ئەوڕۆ دێمە مارێنگۆ
جێژنەو ڕەمەزانە
چاوڕەش لە مارێ نەبوو
چوو بوو لۆ سەر قەبرانە
کەواکەى گەلە شۆڕە
عەردى ئاگربارانە

دەیگۆ کۆرەبی چاوم
نەمزانی کوڕ مێوانە
لۆیێ ئەو کچەم خۆش دەوێ
چونکە مارمان جیرانە
لە خۆفی خودای ناوێرم
هیچ بکەم حەرەکانە
نەکو کیژە ناتوانێ
بە من برێ قسانە
دەمنی قەلە باشوکەی
مەیمونی ناو کیژانە
دوو مامز ئەوا دیارن
وا لە عەردێ تەهانە
تاژیم بەردەدا غەزالان
دایانگرت بە سەرانە
لە کێیان لە عاردیدا
لەناو تاقمەی کیژانە
شل و مل و چاو بەکل

کردیان چەپرە کوتانە
بیژی لە چ دەگەڕێی
جەرگم وەرە ئێرانە
ماچ بکە گەردەنێ زەرد
بگرە جۆتێ مەمکانە

- ٢ -

کاکە سەرێ من دێشی
دەردێ لە درم هەڵایە
ئەشقی کیژەکی لێدام
سەر چەنەگەی کوترایە
لە خوار قۆرتی گەردەنێ
مامزەکی لێ نووسرایە
خەناوکەی حەفت کەر مەرجان
لە گەردەنێی شەتایە
بەینی هەردوو مەمکۆران
ناوێ منی لێ نووسرایە

چاو ڕەش دێ لۆ سراوێ
پێناوی لەگەردایە
کیژێ لۆ وا عادزی
دەرێ کلم نەمایە
ڕەبی ڕووی داکت ڕەش بی
زوو خەبەری نەدایە
مەمکت کوراگە[٦] عەتێرە
لە جۆتە هەریان دایە
دیتم دوو پیارەی گور سۆر
سەراوقون داندرایە
کوڕ پێی دەرێن مەمکە
ماشەللا چۆن ڕسکایە
دەستت لەسەر هەر ناگرم
کوشتنی خۆم فرێدایە

٦. کوارگ: قارچك.

- ٣ -

کاکە سەرێ من دێشی
ئێ برا لۆ وا مەغدووری
مارێ حەیرانێم لێنا
ئاوا دەبوون لە زووری
سنگ و رەشماریان هەردا
لەبنەی کاولە مەغموورى
لە بەینی هەردوو داران
دەبڕی گورینگی مافووری
پێمگۆ بینە ماچت کەم
دەیگۆ هێشتا لێ دووری
ئەوسار سەرێ چەند ساران
چاو ڕەش لۆ وا مەغروورى

- ٤ -

کاکە سەرێ من دێشی
دەردێ لە درم بە ژانێ

حەیفم لۆ کەندێناوەی
چۆل بوو پێرار زستانێ
دەغرو دانیان لۆ نەهات
مەڕو ماریان بەردانێ
هێستر و بارگینیان بارکرد
بەر لە کێلێ کیستانێ
مزرێ کۆچێیان دادەنا
لە خوار داڕێ شەکرانێ
دەستێ حەیرانێم دەگرت
دەمبرد لۆ سەر دوکانێ
شەدەکم لۆ دەکڕی
بە پێنجەو دوو قڕانێ
دە دینارم پێدەما
هەقێ گورینگ لێدانێ
ژوانمان شێخەڵڵا بی
رۆژی جێژنەی قوربانێ

هەی مەمان

هەی مەمان مەمان
فاتمۆکێ مەمان
گەردەنت زەردە
کوریکێ گۆگەمان
ئەگەر نەتبینم
بە هەموو دەمان
سێبووریم نایێ
بە چ عالەمان
***
هەی میران میران
فاتمۆکێ میران
سینگێ فاتمۆکێ
باخچەی هەنجیران

عەیشۆکم دۆستە

فاتمۆك دەزگیران

لەسەر فاتمۆکێ

لێم دەن بە شیران

سوسن و هەراران

سوسن و هەراران
دەراویان گیران
سوسن و هەراران
دەراو بەتەنێ
جۆتێ شەمامان
لە خوار گەردەنێ
حەیران هی خۆمە
لۆچی نامدەنێ
***
سوسن و هەراران
دەراویان دڕی
کۆمەڕێ سییان
لە گۆلا فڕی
جۆتێ زەرد مەمکان

کراسیان دڕی

***

سوسن و هەراران

دەراویان کانی

کۆمەری کیژان

چوونە سەر بانی

تەشی دەڕێسن

بە شلکەی ڕانی

حەیران هی خۆمە

عالەم دەیزانی

***

سوسن و هەراران

دەراویان ئاوە

گەییمە حەیرانێ

دوونێ رۆژئاوە

سەلامم لێکرد

عەلێکەی داوە

چ ئێشت پێمە

هێتیمە لاوە

هەر ئیشی هەبێت

بەسەر ئەو چاوە

توتی شیرن کەلامە

توتی شیرن کەلامە
لۆم هات لە چیای دوینێ
بەژنت کۆشکی حەماغەی[٧]
ئاغەو بەگلەر با بچینێ
گەردن کۆتری هاشمی
دوونێم دیت لە فڕینێ
حەجاج بە دیاری دێنن
لەلای مەککەو مەدینێ
ناتبەمە سەر خەرمانان
لەبەر تۆزێ جۆخینێ
کەپرەکێت لە بۆ دەکەم
لەبەر گەرمای هاوینێ
لێف و دۆشەك و بنسەر
هەمووی لەبن سەرینێ

---

٧. حەماغە: حەماغەی کۆێ.

* * *

توتی شیرن کەلامە
لۆم هات لەلای بەغدایێ
بەژنت دارێ عەنابی
شلکەی دەکا بە بایێ
دوو لیمۆی زەردیان پێوە
بۆنیان بۆنی بیزایێ
رووەمەتت خۆخێ کورکن
سیس بوو لەبەر گەرمایێ
چەند جاران مەمکم گرتی
چاو ڕەش بە فکرت نایێ

شایی

لەگـــەر ڕەوێ کیـــژوکاران
شـاییەکمان کـرد لـە لای مـاران
لێـی هەرکردیـن تـەزرە و باران
ڕێـمان بزرکـرد چووینـە شـاران
لەبـەر دوکانـێ بـاش بەقـاران
دەســتم دەبــرد لــۆ هەنــاران
شەشــم هینــا بــە دوو جـاران
لــە بــۆ نەخــۆش و تــاداران

دوعا

نەخـــۆش نیمـــە تـــای دەگـــڕم
شـــەو لـــە رۆژێ خراتـــرم
دوعـــام لـــۆ بکـــەن وەز نەمـــرم
نەخۆشـــێ مەمکـــێ خـــڕم
دوعـــای تـــوم لەســـەر زاریـــە
ددان ڕیـــزی مرواریـــە
لێـــو ئەترەســـی فەرەنگیـــە
چـــی ئەوهالـــەم نەدیتیـــە

جۆگەی مەغموورى

لەســەر جۆگــەی مەغمــووری
کیـژ دەشـۆن دەسـت و چـاوان
رووومەتــێ خــۆ زەرد دەکــەن
لــۆ ماچــی کــورە لاوان
ئەوســار یــارێ هەردەگــرم
دەچمــە دۆرێ خۆشــناوان
ئەگــەر چایەشــمان نەبــوو
دەخۆیــن مێــوژ و دۆشــاوان

دیاری

رۆژەك بــە ئەمــری ڕەبیــە
شـێرەك لـە دەحلـێ غەزریـە
ڕێــی لــە ڕێــداران گرتیــە
دەســتی مەتارێــی خواردیــە
بــە دەســتێ دی گێــی گرتیــە
بەدیــاری لــۆ شــای بردیــە
شــاهم گۆتــی ئــەوە چییــە
ئــەوە کێروشــکە کیویــە
بەدیاریــم لــۆ تــو گرتیــە
بمکــە گاوانــێ گوندیــە
ڕەنگــت هــی گاوانــێ نییــە
دەتکــەم بــە کێخــوای گوندیــە
شــاهم دەیگۆتــە کوڕانــە
بشــکێنن دەرگــەو هۆدانــە
تێکەرکــەن زێــرو زیوانــە.

قاسیدی گوری باغان

قاســیدی گــوری باغانــم
ســبەی دەڕۆم بەیانــی
کارك و گۆریــەم لەپێکــرد
هەرمکێشــایتە ڕانــی
دەچمــە ســەر زێــی بادینــان
لێمــدا بــە مەلەوانــی
قاقــەزی یارێــم پێیــە
دەچمــە دەرکــەی ســوڵتانی
ئەگــەر ســوڵتان نەیپرســی
دەچمــە نــاو گاورســتانی

* * *

قاســیدی گــوری باغانــم
ســبەی دەڕۆم گەلەکــە
کارك و گۆریــەم لــە پێکــرد
هەرمکێشــایتە بەلەکــە

دەچمە سەر زێی بادینان
بە گەمێ و بە کەرەکە
خەنەم دەینا بە باران
یارێ نەیگۆ گەلەکە
کلم دەبڕی لە شاران
لە بۆ چاوێ بەرەکە

* * *

قاسیدی گوری باغانم
دەچمە کۆێن بە دارە
یارێ جوابان دەنێری
هەر دەمەوێ گوارە
وەستا لەو چاوەت کەوی
لێی نەبم شەرمەزارە

* * *

قاسیدی گوری باغانم
دەچم موسرێ دەبینم
گوارەکی بە شۆرابە

لــە بــۆ زێڕینۆکــێ دەینــم
هەســتە گــوارەت لــە گێکــە
تێــر لــە بەژنــت رامینــم
دنیــا مــەرگ و مردنــە
نەکــو بمــرم نەتبینــم
ئەگــەر دەچییــە شــایێ
لــە گێیــان دەشــەتینم
لــە نــاو گــەڕێ شــایێ
یــەك ماچــت لــێ دەســتینم
هەرچــی دۆستە پێــی خۆشــە
دوژمنــان دەپســینم
قاســیدی گــوری باغانــم
دەچمــە کۆیــێ و کەرکوکــە
یەکــەك لــەو لای گازیکــرد
لــۆ دەڕۆی بــە تالوکــە
دەرێــن خــۆرت وەســەری
زێڕینۆکیــان بــرد بــە بوکــە

ئەگەر دەچیە شایێ

ئەگــەر دەچیــە شــایێ
خــۆت بەســۆر بغەمرینــە[٨]
شــەدەی بــە گورینــگ و ســیمان
لــە ملــی خــۆت بئارینــە
چەنــد حەجاجــی ڕێــی حەجــێ
بــەرەو ماریــان بهینــە
چەنــد دەرۆێشــی تۆبــەکار
تۆبەیــان پــێ بڕەوینــە
چەنــد جولەکــەی غەیــرە دیــن
شــادەی حەقیــان پــێ بینــە

٨. بغەمرینە: برازێنەوە، نیشان بدە.

لە کێم دێت

لـە کێـم دیـت و لـە کێـم دیت
هــێ بــرا لــە نــوارەی کۆیــێ
بینـن بـۆرەم[٩] لـۆ زیـن کـەن
دەمـــەك پێـــش نیوڕۆیـــێ
کارمامزەکـــم چـــاو پێکـــەت
وا لـــە پەرێـــزە جۆیـــێ
مەمکـــی چەپـــەی گۆواینـــە
لەبـــەر هەرمـــی مەرۆیـــێ
بسـك و پەرچـەم تێکەربـوون
لەگـــەر مـــارێ برۆیـــێ
دەرێـــی عەســـکەری تورکـــە
داڕژا قـــشرەی زاخۆیـــێ

* * *

٩. بۆرە: ناوی ماینێکە.

لـە کێـم دیـت و لـە کێـم دیت
لـــە شـــینکەی نۆغەرانـــێ
کێروشـــکەکم هەردەســـتاند
جۆتـــە تاژیـــم بەردەدانـــێ
بەســـتە باریکـــەی دەگـــرت
ســـەر تخوبـــی ڕەشـــوانێ
بـــە جـــۆت ســـەریان لێـــدەدا
پێیـــان دەکـــرد تۆپانـــێ
هـــێ سراو لـە منـــێ قەلەنـدەر
کوشـــتیان لـــەوێ دووڕیانـــێ

* * *

لـە کێـم دیـت و لـە کێـم دیت
لەبـــن قاناتـــی بیـــرێ
مەمکـــی یـــارێ گچکۆکـــە
بـــە دوو پەنجـــان ناگیـــرێ
یـــارێ بەکـــێ دەشـــپێنم
بـــەو خانـــزادی هەریـــرێ

چـاو کارمامـزێ دوو مانگـی
دەڕوا لـۆ لای جزیـرێ
تیرەکـت لـە جەرگیـدام
بابانـت بـە قـوڕێ گیـرێ
گۆتـی لـە کـۆرم گـەڕێ
خـۆم داوێمـە دوڕ بیـرێ

* * *

لـە کێـم دیـت و لـە کێـم دیت
لـە بـن پێوانـێ ڕەزێ
ئاگـرەك بەربـووە قەراجـی
دەیسـوتاند کفـر و گـەزی

***

بـا بچینـە سـوڵتان عەوڵـڵای[١٠]
جێـی مەخسـودو مـرازی

---

١٠. سـوڵتان عەبدوڵـڵا: چاکێکـە لەسـەر زێـی بچـوك و نـاوی دێیەکەشـە. کـە چاکەکـەی لێیـە لـە نزیـك مەخمـوور.

شــەدە شــلم لــە کــێ دیــت
لەســـەر حوســـێنی غـــازی[١١]
ڕاموســـان لـــە کـــێ خۆشـــە
لەســـەر کەنـــدێ شـــێ قـــازی

١١. حوسـێنی غـازی: نـاوی چاکێکـە لەسـەر ڕێـگای هەولێـرو مەخمـوور لەخـوار گەڵـی بازارگـەو کەوتۆتـە بنـاری قەرەچـووغ و نزیکـەی (٢کـم) لـە مەخمـوور دووڕەو خەڵکـی ناوچەکـە بڕوایـان پێیەتـی و دەچنـە زیارەتـی.

کەژێ

هــەی کــەژێ عەمــرم کــەژێ
هەرکـــە دەڕوا دەهـــەژێ
ئەمـــن گـــوارە ئەتـــوو گـــێ
ئەمـــن خڕخـــار ئەتـــوو پـــێ
ئەمـــن کاروان ئەتـــوو ڕێ
هــەی کــەژێ بچینــە خەجــێ
بەژنـــت دەرێـــی نامـــە
مەمکـــت دەرێـــی نارجـــە
پێمگـــۆ بینـــە ماچتکـــەم
خەرکـــی دەشـــتی قەراجـــە

***

کاکـــە ڕێـــگام دوورە
هاتـــم لـــەلای ئـــەم ژوورە
بـــە کراســـی دەســـڕی زەردە
چارۆکــەی دەسرۆکــەی ســوورە

پێمگـــۆ بینـــە ماچتکـــەم
خەرکـــی قـــەزای مەغمـــوورە
ئـــەوڕۆ ســـەرم زۆر دێشـــی
نەختێـــك یـــارم لـــێ دوورە

کارە گەل

کارە گــەلان دەچەلینــم
کارە گەلــێ وان برباســان[1]
بەرمداینــە نــاو ڕێواســان
وەرنــە سـەیری سـەر بە تاسـان

***

کارە گــەلان دەچەلینــم
کارە گەلــێ وان مەنگــوڕان[2]
بەرمداینــە ســەر کۆنــدڕان
وەرنــە سـەیری مەمـك خـڕان

***

کارە گــەلان دەچەلێنــم
لــە مێرگــۆران دەی خەوێنــم
ئــاوی نــادەم دوای دەبڕێنــم

---

١. برباس: بڵباس، هۆزێکی کوردە.
٢. - مەنگور: هۆزێکی کوردە.

ئەگـەر یـار هـات دەیگەوزێنـم
یـان دوو ماچـی لـێ دەسـتێنم
یـان شـیرەکەی لـێ دەڕژێنـم

***

هەتیـــو شـــیرەکەم مەڕژێنـــە
یەقـــەو دووگـــمان بترازێنـــە
جـــوت شـــەمامانم دەربێنـــە
بۆنیـــان بکـــەو مەیگوێنـــە

***

هەتیوێـك بووم هـەر وامدەکرد
کەپـرم لـە ڕێـی کانییـان دەکرد
هەرچـی پیر بوو عەفـووم دەکرد
ئەوەی جوان بـوو ماچم دەکرد

***

کارە گـــەلان دەچەلێنـــم
کارە گەلـــێ وان ئاکۆیـــان
بەرمداینـە داینـە نـاو پەمۆیـان

وەرنـە سـەیری چـاو هەرۆیـان

***

کارە گـــەلان دەچەلێنـــم
کارە گەلـــێ وان خۆشـــناوان
بەرمـــان داینـــە نـــاو لاولاوان
وەرنە سەیری سـینگ بەدواوان

***

کارە گەلـــی دەچەلێنـــم
کارە گەلـــێ وان خۆشـــناوان
بەرمـــان داینـــە نـــاو بـــەراوان
وەرنـە سـەیری بـەرەك چـاوان

خۆزیا شوان بام

خۆزیـا شـوان بـام شـوانی مـەڕداران
بەخـۆم شوبەسـت بـام لەنـاو هەنـاران
ماچـی خـۆم دەسـتاند لـە چـاوکاران

***

خۆزیـا شـوان بـام شـوانی کاران
بەخـۆم شوبەسـت بـام لەنـاو هـەراران
ماچـی خـۆم دەسـتاند لـە کیـژو کاران

***

خۆزیـا شـوان بـام شـوانی بەرخـۆران
بەخـۆم شوبەسـت بـام لەنـاو مێرگـۆران
ماچـی خـۆم دەسـتاند لـە زولـف شـۆڕان

***

خۆزیـا شـوان بـام شـوانی بەرانـان
بەخـۆم شوبەسـت بـام لەنـاو مەروانـان
ماچـی خـۆم دەسـتاند لـە کیـژە جوانـان

***

خۆزیا شوان بام شوانی بزنان
بەخۆم شوبەست بام لەناو هەوێزان
ماچی خۆم دەستاند لە بەژن دریژان

***

خۆزیا شوان بام شوانی بەرخۆران
سبەینەو ئێواران لە نەرمە دۆران
دوو ماچم قەردبا لەوان کێژۆران
لێو لە گەردەنێ دەست لە مەمکۆران

***

خۆزیا شوان بام شوانی شەکان
سبەینەو ئێواران لە ملەکا ملەکان
دوو ماچم قەردبا لە چاوبەرەکان
لێو لە گەردەنێ دەست لە مەمکان

***

خۆزیا شوان بام شوانی مەڕی
بەخۆم شوبەست بام لەناو مەنگۆڕی

ماچـی خـۆم دەسـتاند لـە مەمـك خـڕی

***

خۆزیـــا شـــوان بـــام شـــوانی بەرانـــی
بەخـــۆم شوبەســـت بـــام لەنـــاو کاوانـــی
ماچـی خـۆم دەسـتاند لـە کیـژە جوانـی

خەزێم

خەزێـــم و خەزێـــم خەزێمـــی یـــارێ
خەزێـــم بـــزر بـــوو دوێنـــێ ئێـــوارێ

***

جوابەکـــێ ببـــەن لـــۆ ســـەرێ ســـەفینی
ئاگـــری تێبـــەردەن گیایـــێ نەهینـــی
بەشـــکی چاوجـــوان خەزێـــم وەبینـــی

***

جوابەکـــێ دەنـــە ســـەرێ ســـەفینی
چەنـد هـەورو سـامار لـە خـۆی ئاریـنـی
خەزێـم بزربـوو کـەس نییـە وەی بینـی

***

جوابەکـــێ دە ببـــەن لەبـــۆ خۆشـــناوان
هەتـا حەفـت سـاران نەکـەن دۆشـاوان
خەزێـــم بـــزر بـــوو لـــە دەســـتی لاوان

***

جوابەکـــێ دەنـــە میـــری خۆشـــناوان
لـــە خـــۆی حەرامـــکا مێـــوژو دۆشـــاوان
خەزێـــم بـــزر بـــوو لـــە بـــەرەك چـــاوان

***

جوابەکـــێ ببـــەن لـــە بـــۆ پردێیـــە
دائیـــم و ســـەعات ئـــەو ســـەرە ڕێیـــە
ئـــەوان دەزانـــن خەزێـــم لـــە کێیـــە

***

جوابەکـــێ دەنـــە جزیـــرێ بۆتـــان
لەســـەری نەنێـــن کـــراوی خۆتـــان
خەزێـــم بـــزر بـــوو لـــە دایـــك و دۆتـــان

دەشتێ قەراجی

دەشـــتێ قەراجـــی شـــینی دوکـــەرێ
لـــە گێیانـــم خـــۆش دێ قیـــرەی گـــۆزەرێ
یـــارێ دەکێشـــێ ســـەرێ شـــێوەرێ

***

لەملانـــی کەتیـــە قورفـــی مەنجـــەرێ
یـــارم کابانـــە لـــە دیـــار مەنجـــەرێ
قەولەکـــم گرتییـــە لـــۆ بـــارانی پـــەرێ

***

دەشـــتی قەراجـــێ بـــەر لـــە خەندەکـــێ
خرخـــاری زیـــوە کەتنـــە بەلەکـــێ
یـــارێ مـــن بایـــێ ســـارە وەختەکـــێ

***

دەشـــتی قەراجـــێ بـــەر لـــە مەخمـــووری
دوو کیـــژی چـــاوکار لەبـــەر مافـــووری
لـــۆ مـــن و تـــۆی هەنـــارد ســـێوی فەخفووری

***

دەشـــتی قەراجـــی بـــەر لـــە وراتـــی
دوو کیـــژی چـــاوکار مەمـــك نەهاتـــی
لـۆ مـن و تـۆی هەنـارد سـێو بەخەراتـی

یارێ

ئەمـــان یـــارێ دەخیـــل یـــارێ
چـــاوان مەشـــۆ لـــە ڕووبـــارێ
خەرجـــەو قەیتـــان لـــە زێبـــارێ
ئۆبـــاری منـــت بەملـــی یـــارێ
ماچەکـــم دێ لـــە بـــن گـــوارێ
لـــۆم وەدەرخـــە خـــەت و خـــارێ

***

ئەمـــان یـــارێ چەنـــد بـــە فێڵـــی
چـــاو کارمامـــزی لـــە دوای خێڵـــی
ڕەوەنـــد ڕۆیـــی بەجێـــم دێڵـــی

***

ئەمـــان یـــارێ چەنـــد جوانـــی
چـــاو کارمامـــزی کەلەشـــخانی
گـــەردەن ســـۆری مزورانـــی

***

ئەمـــان یـــارێ دەخیـــل یـــارێ
دونـــێ چوومـــە ســـەرێی شـــەتی
گریانـــم دێ بـــە غوربەتـــی
لـــە بـــۆ یـــارێ دوور وراتـــی

***

ئەمـــان یـــارێ چەنـــد ناســـووری
چـاو کارمامـزی خـوار مەخمـووری
گـــەردەن ســـۆری شـــارەزووری
ماچەکـمان بـدێ لـۆ وا مەغـرووری

***

ئەمـــان یـــارێ چیـــت لـــێ کـــردم
شـــێت وشـــەیدای دونیـــات کـــردم
خـــوا هەرناگـــری پیـــرت کـــردم

***

دونـــێ چوومـــە ســـەیری زینـــدان
چـــم پـــێ نەمـــا غەیـــری گریـــان
چەنـد زەحمەتـە دەسـت لێکبـەردان

***

ئەمـــان تەنکـــە دەخیـــل تەنکـــە
چەنـد سـپییە ئـەو جـووت مەمکـە
هـــەری تەکانـــد جـــووت مەمکـــە
ئەمنـــی کوشـــت ئـــەو چاوبەرەکـــە

***

ئەمـــان تەنکـــە شـــیرنە ســـێوە
بەســـم چـــاوان لـــێ ببزێـــوە
مـــن برینـــدارم مـــەم ئاخێـــوە
ئاگـــرت بەردایمـــێ بـــە پێـــوە

ڕاو

هـــەڕاوە ڕاوە هـــێ بـــرام لـــەو ڕەشـــە ڕاوە
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژیـان لـە ڕستێ مـاوە
شـینکەکی ناوقـەد باریـك لـە نـواران پاریـداوە
کەلەکـــەی خـــۆی وەرگێـــڕا تێنـــی ڕۆژی لێـــداوە
درم نەهـات لـە خەوێـی کـەم ڕاوم لەسـەر گێـڕاوە
بەخـۆم لـــەلای دانیشـــتم بێنـــم لـــە بێنـــی نـــاوە

***

هەڕاوە ڕاوە ڕاوە هێ برا چ ڕەشەڕاوە هەڵلا هەڵلایە
سـەر بە هیزار تێکەربوون لەسـەر سوڵتان عەوڵڵایە
نەخۆشـەکی گرانـم هـاوار غەوسـی مار لـە بەغدایە
لـە دنیاییـم لێـك نەکەی لەگـەر دوو چـاوی لەیلایە

***

هـــەڕاوە ڕاوە ڕاوە راو لـــە چۆمـــی مەنـــداوێ
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژیان بەربـوون لە ڕاوێ
سـەر بـە هیـزار تێکەربـوون لەنـاو باغی شـەقراوێ

***

هـــەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لـــە دەشـــتی شـــێخانێ
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژیـان بەردەنـە لانـێ
سـەر بـە هیـزار تێکەربـوون لـە میرکـەو بەلەبانـێ

***

هـــەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لـــە چۆمـــی ئیفـــرازی
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژیـان بەردەنـە بـازی
سـەر بـە هیـزار لێکیاندا لـە کلکەی حوسـێنی غازی

***

هـــەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لـــە دەشـــتێ قەراجـــی
مامـز هەسـتان لەلانـێ تاژیـان نەکـرد عیلاجـی
سـەر بـە هیـزار تێکەربـوون لـە گـردی سـەرناجی

***

هـــەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لـــە بنـــاری کۆیـــێ
زولـف و پەرچـەم تێکەربـوون لەگەر قاشـی برۆیێ
یـارم عەسـکەری تورکـە دەچتـە قـشرەی زاخۆیـێ

***

هــەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لــە چۆمــی بەرمــاران
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژیـان بەردەنـە کاران
برینانــم تیمارکــەن بــە دەســتی کەونــە یــاران

***

هــەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لــە چـۆم و چــەم بەســتان
هەسـپان زیـن و لغاوکەن تاژیان بەردەن لە ڕستان
برینانــم تیمارکــەن بــە دەســتی کۆنــە دۆســتان

بایێ شەمار

بایــێ شــەمار بــە هاوینــێ
دەیــدا لــە ڕەنــدەی جۆخینــێ
خــەو خۆشــە لەگــەر ئامینــێ

***

بایــێ شــەمار بــە پایــزێ
شــیرین دەیــدا لــە دارگیــزێ
خــەو خۆشــە لەگــەر مامــزێ

***

بایــێ شــەمار بــە زســتانێ
شــیرین دەیــدا لــە کۆتانــێ
دەیــدا لــە کێلــێ کیســتانێ
خــەو خۆشــە لەگــەر گوســتانێ

***

بایــێ شــەمار بــە بــوارێ
دەدا لــە پەلکــی چنــارێ

دەیـــدا لـــە گـــەرای دارێ
خـــەو خۆشـــە لەگـــەر نـــازدارێ

***

بایـــێ شـــەمار کـــزەی جەرگـــم
خواردنـــم ژەهـــرە دڕا بەرگـــم
لـــە پاشـــی یـــارێ جوانـــە مەرگـــم

کیژ

کیــژ هــەر کیــژێ پونگینەیــە
بەژنیــــــان دارخــەنــەیــــە
قیمەتــــی وان ســــەد لیرەیــــە

***

کیــژ هــەر کێــژێ دیبەگەیــــە
بسك سۆری بــــــە خــەنەیە
ســینگی پانــــە لــــۆ گــــەمەیە
ئەگــەر نەمریــن هــــەر لۆمەیــە

***

کیــژ هــەر کیــژێ شــۆڕیجەیە
هەمــوو ڕەشــن وەك کوندەیــە
هــەر ماچێکیــان یــەك عانەیــە

***

کیــژ هــــەر کیــــژی عاللایــــە
ڕەنگــــی بــــۆرە وەك حەلوایــــە

لـــە جوانیـــان وەك چرایـــە

***

کیـــژ هـــەر کیـــژی گەڕەشـــێخان
ســـینگیان خۆشـــە لـــۆ ڕایەخـــان
بـــە هیمەتـــی چـــاك و شـــێخان

***

کیـــژ جوانـــە لـــە داخـــوازی
دایتمـــە بابـــی دوو ســـەد غـــازی
چەنـــد گـــەوادە نابـــی ڕازی

***

کیـــژ هـــەر کیـــژێ ســـێقوچانە
مەمکیان وەکو دومـــبـــەرانـــــە
پـــڕ بـــە دەســـتی جاعێرانـــە

***

کیـــژ هـــەر کیـــژێ میرەکانـــی
دەستیـــــــاندایتە پیشـــــەقانی
هەریانبـــڕی لـــۆ دووشـــیوانی

***

کیــژ هــەر کیــژێ دیمــەکاری
قوتکــە قوتکــی بــن دیــواری
ماچیــان دەدا پــڕ بــە زاری

***

کیــژ هــەر کیــژی دهێماتــێ
زولــف گــەورەی زگ دەرهاتــێ
جعێرەکیــان لــێ بــوو قاتــی

***

کیــژ هــەر کیــژێ ئۆمەربلــە
تەنگــە ســتووری مەمــك زلــە
لەگــەر کــوڕان مــل بــە ملــە

***

کیــژ هــەر کیــژێ بندیانانــە
جورجــە کــۆرەی تەلانانــە
ئەگــەر نەمریــن لــۆ خۆمانــە

***

کیــژ هــەر کیــژێ لهێبانــه
ســنگ ســندووقی کتێبانــه
چــاو گچکۆڵــه ڕوومــەت پانــه
گــەردەن کێلــی ڕکێبانــه
بــا بینــن لــەگەڕ کوڕانــه
بکەیــن هــەق و حســێبانه

***

کیــژ هــەر کیــژێ دووگوندانــه
جێــگای خۆشــیان ئاخەبانــه
کیژیــان جوانــه لــۆ کوڕانــه

***

کیــژ هــەر کیــژێ ماجیــداوه
هەمــووی ســۆرن وەك لاولاوه
ماچێکیــان بکــەن مارتــان ئــاوه

***

کیــژ هــەر کیــژێ ســۆفی ســمایل
هەمــووی بــه زریــزەو حەمایــل

بـــە ماچێکـــی نابـــن قایـــل

***

کیـــژ هـــەر کیـــژێ دۆرەبەکـــرە

ماچیـان خۆشـە دەرێـی شـەکرە

دەرێ لاوە مەمکـــم مەگـــرە

کانی

ئـەو کانییەکـەی لـە چیغلۆکـێ
بەخـــۆم لێـــدا بـــە نینۆکـــێ
کـێ ئـاو لێ بـرد یـار عەیشـۆکێ

* * *

ئـــەو کانییەکـــەی لـــە گردمـــەلا
بەخـــۆم لێـــدا لـــە زەمبـــەلا
کـێ ئـاو لـێ بـرد کیـژێ مـەلا

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە دەو پـردێ
بەخـــۆم لێـــدا لـــە دەو گـــردێ
کـێ ئـاو لـێ بـرد کیـژێ گونـدێ

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە بـن گـەڕە
بەخـــۆم لێـــدا بـــە پێمـــەڕە
کـێ ئـاو لـی بـرد کیـژێ کـەڕە

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە قسـپۆکێ
بەخـــۆم لێـــدا بـــە نینۆکـــێ
کـێ ئـاو لـی بـرد ئامینۆکـێ

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە گردیشـی
بەخـــۆم لێـــدا بـــە قەمیشـــی
کـێ ئـاو لـێ بـرد سـەر بەریشـی

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە سـێبەرێ
بەخـــۆم لێـــدا بـــە خەنجـــەرێ
کـێ ئـاو لـێ بـرد زەردەسـمەرێ

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـەدەو بیـرێ
بەخـــۆم لێـــدا بەکەوگیـــرێ
کـێ ئـاو لـێ بـرد کیـژە میـرێ

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە دالداغـان
بەخـــۆم لێـــدا بـــە قەیناغـــان
کـێ ئـاو لـێ بـرد کیـژێ ئاغـان

* * *

ئـەو کانییەکـەی لـە کەنـداری
بەخـــۆم لێـــدا بـــە گۆپـــاری
کـێ ئـاو لـێ بـرد کیـژێ خـاری

چاوڕەش

یـــــەك لــە مــاران هاتــەدەر چــاوڕەش ناســكە بێرییــە
بــە دەســتی عیشــارەت دەدا كەســمان لــە مــارێ نییــە
بابــم چویتــە هەولێــرێ بــرام وا لــە ئاشــییە
ســەمان ســەڕەوێ نابــەن پییــرە داك چــاوی نییــە

* * *

ئــــاوەدان بــی ســەید عوبێــد كانییــە لــە خــوار كەنــداری
بــــــەخۆم بــە داكیــم دەگــۆ پلكــێ ناگــری جۆتیــاری
ئەگــەر جۆتیــاری دەگــری خــۆم دەیكــەم بــە حــەراری
بوارەكــە زۆر ناخۆشــــە عــەرد رەقــە لــە بەیــاری
رۆژێ مانــدی و شــــەقیمە شــــەوێ كــوو بچمــە پــاری
لبــادی لــۆ دادەنــام بالیفــی دامــە پــاری
چایــەی یــــەك رەنگــی دامــێ ئەویــش لــــە ســەماواری
سەرخۆشــبووم بە یەكجاری ئەوە هەقت نەكوو رەنج بەخســاری

* * *

مەمك

هـۆی مەمـك مەمـك مەمك هۆی مەمك
هەنـــاری بەبـــێ دەنـــك هۆی مەمك
ســـپییە ســـۆرە تەنـــك هۆی مەمك
لـە دیـــاری دەبمـە کۆلـك هۆی مەمك
کۆلکـــەی دارەبەنـــێ هۆی مەمك
شـــترە هەرناقەنـــێ هۆی مەمك
هـــی خۆمـــەو نامدەنـــێ هۆی مەمك
مەمکـــێ کیژۆرانـــە هۆی مەمك
ســـێویێ ســـەر کەرانـــە هۆی مەمك
سپییـــــە وەك فنجانـــە هۆی مەمك
قابیـــل بـــە کوڕمانـــە هۆی مەمك
مەمکـــێ بێوەژنانـــە هۆی مەمك
شـــلە وەك دۆدانـــە هۆی مەمك
قابیـــل بـــە پیرانـــە هۆی مەمك

تەیری گەرمێنێ

هاتیــە تەیــرێ گەرمێنــێ
کیــژ پێــی دەریــن قەتێیــە
فەرخــەی لــەدوو خــۆی رێزکــرد
دەڕوا لــۆ نــاو وەردێیــە
دونیاداریــم حــەرام کــرد
لــە پــاش بەژنــی فاتێیــە

***

هاتیــە تەیــری گەرمینــێ
کیــژ پێــی دەرێــن کۆتــرە
فەرخــەی لــەدوو خــۆی ریزکــرد
دەڕوا بــە فــڕە فــڕە
دونیاداریــم حــەرام کــرد
لــە پــاش جۆتــە مەمکــی خــڕە

***

هاتیـــە تەیـــری گەرمێنـــێ
کیـــژ پێـــی دەرێـــن کـــۆلارە
فەرخـەی لـەدوو خـۆی رێزکـرد
دەڕوا بـــە گارە گارە
دونیادارییـــم حـــەرام کـــرد
لـــە پـــاش دو چـــاوی کارە

***

هاتیـــە تەیـــری گەرمێنـــێ
کیـــژ پێـــی دەرێـــن باشـــوکە
فەرخـەی لـەدوو خـۆی رێزکـرد
دەڕوا بـــە جرووکـــە جرووکـــە
دونیادارییـــم حـــەرام کـــرد
لـــە پـــاش بەژنـــێ گچکۆکـــە

***

هاتیـــە تەیـــرێ گەرمێنـــی
کیـــژ پێـــی دەرێـــن قومریـــە

فەرحـەی لـەدوو خـۆی ڕێزکـرد
دەڕوا لـــۆ بـــن هەوریـــە
دونیادارێـــم حـــەرام کـــرد
لـە پـاش بەژنـێ (ســەبری)یە

زەمی یارێ

لـۆت دەکـەم زەمـی یـارێ لـۆت دەکـەم زەمـی یـارێ
ئەوڕۆکـە تـەواو نابـێ سـبەی هەتـا هێـوارێ
کاکـە یـارم واڕۆیـی دەرێـی پشـتی شـکایە
سـینگی لیسـی مریشـکان جیقنـەی لەسـەر رژایـە
خیوەتەکـی لەبەردایـە پێنـج سـەد پینـەی تێدایـە
وەکـی تەماشـای دەکـەم دەرێـی داکـی ویـم گایـە
بەژنـی چەنـدە برنـدە هـورگ پـاری پێدایـە
سـوندەکی گـەورە دەخـۆم دوو گوجیلـەی تێدایـە
پەرچەمـی بنـە کفـرە بزنـان دەورەی لێدایـە
گـێ مراکـێ پەنـان هێسـتریش پێـی لێنایـە
دەو ئەشـکەلکی ئاگـری هەمـوو رۆخـی سـووتایە
چـاو قۆدیلـەی دۆشـاوێ مێشـان دەورەی لێدایـە
کەپـووی هێلانـەی قوڵتـە تـارە بنیشـتی دەردایـە
لـچ کراشـی پەڕۆیـن حەفـت تیـرەی لـێ پسـایە
ددان شـەنەی حەفت لکە بە سـیرمەی خـاوە کرایە

مەمکـی دۆدانـەی دۆیـە دۆی لەنـاو گزگزایـە
دەسـتی داری تیرۆکـە لەسـەر فەرشـەی گەڕایـە
لنگـی داری تەنـدووڕە لـە دووکەڵـی خنکایـە
چـارۆگ پزدانـی کـەرێ لەلاقانـی ئارایـە
قوونـی قۆتەڵـەی ئاشـی تـەورەو پسـتەی پسـایە
وەسـتا برایـم کۆرەبـی حەفـت عەربـەی زەرەر دایە

مراز

هاتـم یێـك هاتـم دوو سـوڵتان عەوڵـڵا بەرەوتـوو
مرازی کوڕان حاسرکەی ئەگەر درەنگ و ئەگەر زوو
دری بابـی نەرمکـەی بمداتـێ مەمـك هـەروو

***

هاتـم دوو هاتـم سـێ سـوڵتان عەوڵـڵا کەتمـە ڕی
مـرازی کـوڕان حاسرکـەی ئیشـمان بکـەی جێبەجێ
دری بابـی نەرمکـەی بمداتـێ چـاوی خەجـێ

***

هاتـم سـێ هاتـم چـار سـوڵتان عەوڵـڵا کردمـە غار
مـرازی کـوڕان حاسرکـەی ئەگەر شـیرن و ئەگەر تار
دری بابـی نەرمکـەی بمداتـێ ناسـك و نـازدار

راو

هــە راوە راوە راوە راوکــەران رەشــەڕاوە
لەکەرکــێ حوسـێنێ غـازی راومـان دەکـرد بـراوە
شـینکەی ناوقــەد باریــك لــە نــواران پــاری داوە
دەسـتم دەدا تفەنگـێ بەخـۆم بـۆی چـووم لێـداوە
لەبــەر تفەنگــی دانیشــتم فرمێسـکم بــەردەداوە
لـۆی چـووم هەریبسـتێنم دەمـەك لـە کنم پـاردواوە
درم نەهـات چـی بڕێمـێ دەوم لـە گـەردەن نـاوە

***

هــە راوە راوە راوە راوکــەران نابــەن رەوێ
لـۆلای مـاری یـارێ چـووم لـە محەلـی نیوە شـەوێ
بـە دەسـتەکی موبـارەك هەرمدەسـتاند لـە خـەوێ
بـە گفتەکـی زۆر شـیرین دەیگـۆ لاوە چـت دەوێ
لـە گەردەنـی بە خـارت چـاوڕەش دوو ماچم دەوێ
لێف و دۆشەك و بنسەر هەموو میرات بوون لەوێ

***

بەخـۆم بـە تاقـە سـوارى دامبـڕى لـە هـەزارى
لەبـەر تەقـەى تفەنـگان هەركشـا لـۆ بنـارى
لەبـەر رکێـب و ئاوزنـگان دەردەچـوو لـۆ مشـارى
لـە لاچـەپ لـێ دانیشـتم لەسـەر گۆمـێ مشـارى
بـە تیـرت برینـدارم مەمکـوژە بـە یەکجـارى

***

هـە راوە راوە راو لـە دەشـت و ئاقـاران
هەتـاوە لەنـاو مـاران چـاو مانگـى نـاو گـەواران
مامـزەى داکـى کاران هەسـتا لـە پێـش سـواران
بـەرى خۆیـدا سـێداران پشـتى خۆیـدا نـواران

***

هـە راوە راوە راو لـە گـردى باقرتـى
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژییـان مامـز گرتـى
کیـژ بـووى لە مارە بابان چەند جـاران مەمکم گرتى

***

هـە راوە راوە راو لـە کەنـدى بـەر مـاران
هەسـپان زیـن و لغاوکـەن تاژییـان بەردەنـە کاران

بریناـــم تیمارکـــەن بـــە دەســـتی کەونـــە یـــاران

***

هـــەراوە راوە راوە راو لـــە چـــۆم و چۆمبەســـتان
هەســپان زین و لغاوکەن تاژییان بەردەن لە رســتان
بریناـــم تیمارکـــەن بـــە دەســـتی کەونـــە دۆســـتان

فاتمێ

فاتمــێ زاڵمــێ کیســتانم دیــتن دیــتن
فاتمــێ زاڵمــێ چەنــدە بــە فــرو جلیــتن
فاتمــێ زاڵمــێ مەمکــی کیــژۆران قیــتن
فاتمــێ زاڵمــێ لەبــن کراســی چیــتن

***

فاتمــێ زاڵمــێ فاتمۆکــێ شــەنگی شــەنگی
فاتمــێ زاڵمــێ مەمکــت ســێوی فەڕەنگــی
فاتمــێ زاڵمــێ لەبــن کراســی حەفتڕەنگــی
فاتمــێ زاڵمــێ لــە تونديــان ناچنــە چەنگــی

***

فاتمــێ زاڵمــێ مەچــووە کــۆرێ نــاو رەزی
فاتمــێ زاڵمــێ گەرمايــە مێــش دەتگــەزی

***

فاتمــێ زاڵمــێ کیســتانمان وا لــەو لايــە
فاتمــێ زاڵمــێ چەنــد بەبەفــرو بايــە

فاتمــێ زاڵمــێ قورینــگ و ســی و بــازن
فاتمــێ زاڵمــێ هەرسـێکیان دازن
فاتمــێ زاڵمــێ چــوون مەفتەنــان بخــوازن

***

فاتمــێ زاڵمــێ قورینــگ و ســی و لارن
فاتمــێ زاڵمــێ هەرسـێکیان شــاقەر ئــارن
فاتمــێ زاڵمــێ چــوون مەفتەنــان بمــارن

***

فاتمــێ زاڵمــێ قورینــگ و ســی و پــۆڕن
فاتمــێ زاڵمــێ هەرسـێکیان شــاقەر شــۆڕن
فاتمــێ زاڵمــێ چــوون مەفتــان بنــۆڕن

شایی

سەرم چەند دێشی دەردێ لە درم هەر وەیە
لە چیای ئاوا بووم گەییمە خدرجیجەیە
شاییەك ئەوا دەگەڕێ لەمن وابوو گەمەیە
فیقو هۆڕی زوڕنایان تووڕەی دێوەرەیە
تەزبێحەکم وەرگرت دەستمکرد بە بەندانە
ئەمن وا بەندی دەرێم شایەر وا راوەستانە
شایەر خدر مەجیدە ئەویان لەکن زۆرزانە
شاییەکم دادەبەست سۆر دەکرا لە کێژانە
بۆنی ئارەقەی مەمکان دەڕوا کۆران کۆرانە
پیرێژن هاتنەدەرێ یێك یێکە لە مارانە
خوشکینە با گێ بگرین لەو لاوك و دیلانە
ئەو شایەرە غەریبە لە کێ هات بەو نیوڕانە
ئەو شاییە لۆیێ خۆشە خزمی سێ چار گوندانە
دێمەکارو ئازیکەند خدرجیجە لەگەردانە
بمرم لۆ خدرجیجەی جێی کێژوکارانە

دەچـووم لـۆ دێمـەکاری جێـی لفکەدارانـە
تاخمـە کێژەکـم دەدیـت لـە کەنـدێ داریـان دانـا
لـەوێ یـارم دابـڕی کردمـان گـەوز گەوزانـە
چـاوڕەش دەڕۆم بـە دوعـا رۆژ درەنگـە ئـاوا دەبـی
مەلایـان لـە داکت کـەوی قەولمـان ئەو سـارەکەبی

ئەستێرە

ئەستێرە بڕێ ئەستێرە لۆت نەمایمە ئەستێرە
سینگ دەشتێ قەراجی مەمکت کوارگە عەتێرە
دوو شوانان گازە گازە بێرکەران بێرە بێرە
داکەی دەستدا مەنجەرێ کیژە هەرگرت سەربێرە
ئەو جێ بێریان لێ دانا پەرژین بە گورو کنێرە
دونێم جواب لە بۆ ناردی دەمەکی وەرە ئێرە
دەچمە باغی گورچنینە دەسکە گورەکمان لۆ بنێرە
بە رەیحانان بپێچە بە پێناوێیدا بنێرە

***

ئەستێرە بڕێ ئەستێرە لێم دەڕۆننە ئۆمەتێ
بێرکەران تێکەربووینە لەسەر کانیێ میللەتێ
سینگت پەنیری تەڕە مەمکت وەکی گونبەتێ
چبکەم لۆ ماری دونیا بتهینمە سەر مەملەکەتێ
لە دنیایێم لۆ نەبووی چت لێ بکەم لە قیامەتێ

نیاز

هۆ برا سەرێی من دێشی غەمان لێکردیە هەڵڵایە
ئەوەل مانگی بەهاڕێ قورژنێ دەشت چیایە
کێژۆران رەویان تێکرد لۆ لای سوڵتان عەوڵڵایە
منیش چوومە زیارەتێ دوو کچم لەگەردایە
دەسمارەکم دەهاویشت لە نیازی دێنم خودایە
چونکە خودا ئەمری لێ بوو لە قولابەی دامایە
دەستم لە ملێ شۆڕێ کرد بردمە ماڕێ مەلایە
سەلامم لە مەلای کرد جوابی سەلامێی دایە
گۆتی هەتیم بەخێربێی کێیە لەگەرتدایە
ماموّستا نوری چاوم مەعلومە و ئامینایە
لەدەشتێ را هاتیمە بۆ مارەییّم هینایە
پێنج دینارم دەرهینا مەلام دەکرد رەزایە
کۆلەکە مەلا هەند زۆرن حیلە و شەرعیان دانایە
کۆلکە مەلایان بکوژن ئۆبار بەملم غەزایە

***

هێ برا سەرێی من دێشی دەردێ لە درم بە برینە
چوومە مارێ ئەستی دەرکەیان بە پەرژینە
سەرم بە کولانکەی داگرت داك و کیژ دانیشتینە
لای لایەی لۆ برای دەگۆت ناوی منی لەگەر دینە
شابسکی خۆی لوس دەکرد کەزی بەشەی دادینە
سەماوەریان دانابوو چایەکیان لۆ من هینە
گۆتم چای ناخۆمەوە گەردەنت هێروە بینە
چونکە دایکی را لێ بوو لە منی کرد باوەشینە
ئامێزی خۆم لێدا هەردووك بە جووت نوستینە

***

سەردەمەکی مەلا بووم دوعام دەکرد لۆ خەرکی
سەردەمەکی فەقێ بووم نوشتیم دەکرد لۆ خەرکی
ئەلحانیش نێرەکەوم لەسەر دمکێ کوڕەکی
بە پێشوازی بارات بێ سورچی و خەیلانی و هەرکی

قەرەچووغ

کاکـە سـەرێ مـن دێشـی دەردێ لـە درم دەنـاری
دەچمـە چیـای قەرەچووغـی بـەدارو لێـرەواری
دوو رەشـماری رەشـکۆکە هەریاندایـە لـە بنـاری
دوو کیـژی گـوارە زێر بە جۆت حەوشـەیان دەماری
دەسـتم لـە بـۆ زیـێ بـرد سـنجاقم رادەمـاری
دوو گۆی زێڕم چاو پێکەت لەسـەر گۆشەی مەتاری
وەز باجگریـێ ماچـان بـام لەسـەر بیـرێ کەنـداری
لـە کیـژۆرەی دزەییـان لـە دوای کـۆچ و کۆچبـاری

***

هـێ بـرام سـەرێ مـن دێشـی دەردێ لـە درم گرانە
دەچمـە سـەر قەرەچووغـی کاکـە سـەرێ وەختانـە
بوارەکـی زۆر خۆشـە گیـا وا لـە چۆکانـە
زەینـێ خـۆم بـەردەداوە دەڕۆنمـە ئـەو گوندانـە
تاقمەیـێ کیـژان هاتـن هـەر بـە چەپـرە کوتانـە
دەچـن لـۆ کەنگـرو تـۆرکان هاتـن لـۆ خڕەبەردانـە

وەکـی زەینـم دەدانـێ یـارێ مـن لەگەردانـە
گێژنـەی نـەورۆز پیرۆزبـێ لـە هەموو کـوڕو کچانە
چـاوڕەش بێنـە ماچـت کـەم دەبـا بکەیـن گێژنانـە
یـارم لـە داکـی دابـڕی لـۆ نـاو کەنـدو جۆمانـە
بوارەکـی زۆر خۆشـە کردمـان گـەوز گەوزانـە
دەستەکم لەملـی دەکـرد یەکیش لەسـەر مەمکانە
بیسـتم بابـی حەیرانـێ مـاری دەڕوا لێرانـە
لـە عالەمـێ خۆشـییە لەمـە دەسـتلێکبەردانە
لـە پـاش بـارای ئـەو کیـژەی بمـرم مـارم وێرانـە
دختـۆران چـارەم ناکـەن نەخۆشـم دەردم گرانـە

***

کاکـە سـەرێ مـن دێشـی دەردێ لـە درم گـەرداوە
دەچمە سـەر قەرەچووغـی زەینی خۆم بـەردەداوە
دووربینـم دا بـەر چـاوم دەڕۆنمـە کەندێنـاوە
تاخمەیـێ کیـژان هاتـن زەردو سـۆر تێکـەراوە
دەیگـرت رێـی دارکـەران لەسـەر بـارای سـوڕاوە
لەسـەر رێـی دانیشـتم دونـێ وەختـی رۆژاوا

پێم گۆت لە بۆ ماچەکی دەیگۆ بەسەر ئەو چاوە
بەژنی دەرێی بەیداخە زولفی گیابەندو خاوە
لەسەر کانیێ هاتەوە دیتم ماندیم حەساوە
پارێ خۆم بە سینگیدا وەك پەمۆی پەڕە کراوە
گەردەن مەرجان و مۆری لە زولفانی ئاراوە
دەیگۆ لۆ چ دیارنی مێوانبە کوڕە لاوە
حەفت شەرتان شوانی دەکەم نەختت بکەم تەواوە
حەفت شەرتیش بە جوتیاری دەگێڕم کەندێناوە
حەفت شەرتیش بەسەپانی لۆ نەختی بەرەك چاوە
هاتمەوە لە بۆ مارێ تیلاکم خوار لێناوە
خوایە بەیەکدی شادبین ببینە بووك و زاوا

***

هێ برام سەرێ من دێشی دەردێ لە درم دوو دەردە
یەکەك خەمی دنیایێ یەك هی گەردەنێ زەردە
سینگ دەشتێ قەراجی خۆم کردمە شۆو وەردە
بەژنێ باریك وا دەڕوا چاوڕەش کوشتمی بە دەردە
شازولفی دەچنە خوارێ بسکی ئارموش و گەردە

لـە وراتـێ غەریبیـان هەمـوو جەرگـم گـەرد گەردە
هـێ برام خەبەریان دامێ داخوازی هات بەسـەردە
دەرێ یـا وەرە بمهینـە یـان دەسـتانم لـێ بـەردە

***

بـرام سـەرێ مـن دێشـی کـەس بـەدەردم نازانـی
دەسـتم دەدا گۆپـاری دەگـەڕام لـە شـوانی
حـەزم لـە کیژەکـی کـرد دەچـم لـۆ کەسـنەزانی
چـاوم بـە کیژەکـی کـەت راوەسـتا لەسـەربانی
گەردەنـی گەلـە زەردە بەژنـی وەکـی رەیحانـی
بسك و پەرچەم تێکەربوون لەسەر سینگ و مەمکانی
بـای لـە بسـکان دەبزێوی تەشـی دەڕێسـت بەڕانی

کانی خەزەر

بریندارم بریندارم بریندارم بە خەنجەرێ
سەرێ خۆم هەردەگرم لە گوندی دەچمە دەرێ
دەچمە کانیێ خەزەرێ جێیێ ئاخ و کەسەرێ
هەموو فەسرێ بواران کارمامزی دەچنە سەرێ
دایکردە بەفرو باران خوایە بچمە کێندەرێ
دەچم لە بۆ ئەشکەفتێ ترسێ کەم نێمە دەرێ
زەینێ خۆم بەردەداوە رەشمار دیارن لە غەرێ
گۆتمێ بینە ماچت کەم هۆ یاری زەرد ئەسمەرێ
چاوڕەش دەستان تێکەرکەین لە وراتی بچینە دەرێ

شێخ مەحموود

بابــێ بابــم شــێخ مەحمــوود لەگــەر دەزگای دایناییــە
بەخــۆی لــە داریکەلــی خیوەتــی لــێ هەردایــە
کەریمــی فەتــاح بەگــی عەســکەری تەعلیــم دایــە
حەمــەی ســەید ســەلیمی لــە دەورەیــدا ســوڕایە
بابــێ بابــم شــێخ مەحمــوود بەخــۆی دێ لــە باژێــڕی
لــۆی دێ نــۆ تابــوور عەســکەر تفەنــگ لــە ماهۆزێــڕی
بابــێ بابم شــێخ مەحمــوود دەبتە مەلیك خــودا لێی وەرنەگێڕی
لــۆی دێ نــۆ تابــوور عەســکەر تــۆپ و تەیــارەی پێیــە
شــێخ مەحمــوود دەبتــە مەلیــك لــە ئینگلیــزی عاســێیە
لــۆی دێ نــۆ تابــوور لــە شــاری ســولێمانی
شــێخ مەحمــوود دەبتــە مەلیــك خــودا بەخــۆی دەزانــی

قەراج

هانایەت بەبەر دەبەم دووەمین بەبەر رەبییە
حەیفم لە بۆ قەراجی نەهات رووی تێکردیە
سۆراغی کیژەم دەکرد چ جوانی ئەوهای تێدا نیە
بڕۆننە گەریێ گەردەنی خاری بەسێ ڕێزییە
سەر چەنەگەی کوترایە میسال نەخشی پۆڕییە
دوو بڕۆی ڕەشی قەترانی لە پشت چاوی یارێیە
بەژن و بارای برندە تەنك لێی دێ کەوێیە
بڕۆننە چەرخی رووەمەتی دەرێی برنجی ڕۆژێیە
هەنیەت مانگی لە چاردەی لەگەر گۆشەی کێشاوە
رووی دایکەکەت سپی بی مەمکی لە زارت ناوە

***

براینە سەرێ من دێشی دەردێ لە درم هەرقەنە
لۆیێ هەندە بەکەیفم مارێ ئەو کچەی لێرەنە
بە پێشمدا ڕادەبرد وەك بووکی دەست بەخەنە
گەردەنی چەندە زەردە وەك زێری لە مەعدەنە

تاقمەیێ کێژان ڕۆیـن دیتـم وا لـە حاویەنـە
وەکـی زەینـم دەدانـێ یـارێ منیـان لەگەنـە
هـێ کچـێ سـەبرم لێ بگـرە ئەوسـار دەتهینـم دەنا
دەشـتێ قەراجێـم خۆشـە لەمـن کاولـە مەفتەنـە

ماجید و مەلاقەرە

ماجیـدو مەلاقـەرە هـەردووك لـە کەندێنـاوێ
کێژیـان گەلـەك جوانن جۆت جۆت دێـن لۆ سراوێ
تاقمـەی شـاییێ لەبەرکـرد چـوە مـارێ پێنـاوێ
چـاو کارمامـزێ دوو مانگـی لە جۆگـەی دەرماناوێ
گیشـەکەر زۆر تێنیمـە چبکـەم دەنگـم دەرنایـێ
ئەگـەر دەنگـم دەربینـم هـەروەك دۆرو زوڕنایـێ
دەچمـە چیـای قەرەچووغی چەند بە گـەری گەرییە
دەچمـە دەشـتێ قەراجـی بـە غـەزال و کیوییـە
دەچمـە دەشـتێ قەراجـی بابـە بـەر لـە شـەماری
بسـك و پەرچـەم تێکەربـوون بەسـەر چـاوێ کاری
گۆتمـێ بینـە ماچتکـەم بـە درەکـی خـەم و تـاری

کەندێناوە

حەیـف لـۆ کەندێنـاوەی لێـی دەبـوە نەهاتـە
ئەوسـار سـەری چەند سـارە ئـەوڕۆ نوێـژێ نیوڕانێ
قـاپ و قاچاخیـان هینـا دایاننـا لـە مەیدانـێ
یـارم ئـاوڕان دەدا وەك مامـزێ لـە لانـێ
کـۆچ و کۆچباریـان تێکنـا بـەرەو کێڵـی کیسـتانێ
قۆناغیـان گەلـە دووڕە دەچنـە داری شـەکرانێ
حـەف لـۆ کەندێنـاوەی چۆلـی کـرد کیـژە جوانـێ

مەخموور

هێ برام سەرێ من دێشی دەردێ لە درم چ دەکە
مەخموور شارەکی خۆشە لەمن برا دوو گەڕەکە
دەهاتەوە لە گیایان کەوێیەکەی خامەکە
دەمەك چوومە مێوانی زوو چایەم لۆ تێدەکە
زۆرمان کەیف و سەفا کرد لێمان بووە بوارەکە
هاتمەوە لە بۆ مارێ کوڕ تیلاکی خوار دەکە
خەریتەم لە پشتێ بەست تفەنگ لە لاملەکە
بەژنێ باریکم دەدیت راوەستایە لە دەرکە
سەلامەکم لۆ دەکرد بەدەست عیشارەتی دەکە
بیستم بابێ حەیرانێ ماری لێرە بار دەکە
پیشەو کارم گرانە بڕوا ئێرە چۆل دەکە

راوچی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لە درم دەناری
سەردەمەکی راوچی بووم دەگەڕام لە بناری
تاژی و تولەم رست دەکرد دەستمدا جامیبێزاری
دەچوومە دەشتی قەراجی دەگەڕام بە راوشکاری
کارمامزەکم هەردەستاند تێمبەردا لە ئاقاری
هەریان دەگرت بەسەران لە کەندێ مشاری
لەکەڕکێ ئاوا دەبوون لۆ گاوەرەو کەنداری
دەچمە سەر حوسێنی غازی لۆ نەخۆشی و تاداری
قەراجی بەجێدێڵم ئاوا بووم بەیەکجاری
دەچم لۆ کەندێناوەی رێم کەتە دێمەکاری
حەزم لە کێژەکی کرد چەند جوان حەوشەی دەماری
گەردەنی کێلەشینە شیرنە پێ و خڕخاری
گۆتمێ بینە ماچت کەم چاوڕەش چەندە منداری
حەزلێکردنی من و تو با نەبیتە خەم و تاری
ئەوسار سەرێ چەند سارە لێت گەڕام بە عەبداری

گەوارەکـی دەهێنـا بەفـرو بـاران دەبـاری
بەخـۆم دەچمـە مێوانـی یـار لـۆ کنـم رادەمـاری
بەخێربێی لەسـەر چاوان سـینگ و مەمکی هەرماری
ئـەو رووەمەتـی بەفـرو خیـن بەلێـوم رادەمـاری
گەردەنـی چەنـدە زەردە مەمکـی وەك پرتەقـاری
بۆنـی عەتـرو قەنەفـران وەك لۆمنتـەی عەتـاری
وەی بابە لەو زینەتەی سـەرخۆش بووم بە یەکجاری
سـینگی لۆ کردمە دۆشـەك زولفی رەشی وەك ماری
هەناسـەمان تێکەرکـرد کزەبایـێ شـەماری
خوایـە مرازمـان حاسربـی پێك شـادبین بـە حەراری
چـاوڕەش دەتبـەم و دەڕۆم بـا ببیتـە دوژمنـکاری
ئەگـەر ئـەو کچـەم نەدەنـێ دەکـوژم مـام و خاری

حەویجە

ئاگرەك بەربووە حەویجەی قەراجی لەگەر سووتایە
عارەب زۆر پەرێشانن لە نۆجەیان هەردایە
جێێێ مرازو مەقسوودان حەوشەی سوڵتان عەوڵڵایە
دەچمە کاولە مەخموورى دوو کارمامزی تێدایە
هەیدۆ هەیدۆی جاحێران فیقەی دۆرو زوڕنایە
ژوانێم لەگەر یارێ گرت لە کەندێ دارەخورمایە
هیزاری سەرێ یارێم پێنج گورینگی تێدایە
قاشۆکەو ئەنگوستیلە لە دەستی یارێ دایە
گۆتم بینە ماچتکەم ڕوحم لە بۆت نەمایە
ئاگرەك بەربووە حەویجەی لە سەرێ کفرو کەزی
مەمکێ کێژۆران قێتن هەریاندا کراس و بەرزی
حەیفم لەبۆ قەراجی نەهاتی لێ دابەزی
ئاغان ئۆغرەمەیان کرد دانیشتن بە عادزی
چەند جار بە داکم دەگۆ ئەو کێژەم لۆ بخوازی
سەد دینارت دەدەمێ لە مۆری مەلیك غازی

جۆتیار

کاکە سەرم چەند دێشی دەردێ لە درم دەناری
سەردەمەکی مدیر بووم دانیشتبووم لە ڕێداری
لە مدیری دەکەتم دەگەڕام لە جۆتیاری
هاتم لۆ دیبەگەیە ڕێم دەکەتە کەنداری
مەحبوبەکم شیرین دیت داینا کۆرو قەساری
دەیگۆ جلکت فڕێدە لە بۆت بشۆم شەرواری
بە کراسی مەلەزکتان ڕاوەستا لە قەت پاری
لە داکێ کیژەم پرسی پلکێ ناگری جۆتیاری
کوڕە دەگرم جۆتیاری هەر بە قەولی حەفت ساری
بەران لەڕەنگ منداری لە بەژندا بە ساری
کیژەکی جوانم هەیە دەتدەمێ بەیەکجاری
بە ڕۆژ جۆتت پێ دەکەم بەشەو دەتنێرمە پاری
دەستم دەدا دار جۆتی لێخووڕە جاشکی سێ ساری
بواره جۆت زۆر ناخۆشە جۆتی بکەی لە بەیاری
هێواران دەهاتمەوە دەحەسامەوە یەکجاری

لبـادی لـۆ دادەنـام بالیفـی دەینـا پـاری
سـەرو ملـی دەشـێلام دەیگـۆ لاوە جۆتیـاری
سـەماوەری جۆش دابوو سەریشـی چاپەستی خواری
چایەکـی لـۆ تێکردم سـەرخۆش بـووم بـە یەکجاری
قەفـێ سـمێرێم لـە ڕووان دا شـازولفی ڕادەمـاری
حەفـت سـارم ڕەنج لۆ کێشـای نەتدامێ یـەك دیناری
حەفتـی دیت لۆ دەکێشـم تا توم لـۆ ببی بەحەراری

سوڵتان عەوڵڵا

هــێ بــرا ســەرم دێشــی درم بەهــات و هەرایــە
گرمــە گرمــێ گــەواران ڕەتیکــرد لــۆ چیایــە
لۆیێ ئەو کچەم خۆش دەوێ زۆر بە شەرم و حەیایە
یــارم چ عەیبــی نــی یــە پێــی دەکــەن ئیفتیرایــە
دەنــا دوو ســاری عەلــە پشــتم لــێ وەرگێڕایــە
ڕوومــەت هەروەکــو جــاران شــەمامەی نەگۆوایــە
هەناســەکم هەردینا ســەنیەو مرکی هەمووی سوتایە
جێێێ مرازو مەخسـودان حەوشـەی سوڵتان عەوڵڵایە
بــە کڕیــن و فرۆشــتن بــی دێنــی هەمــوو دنیایــە
زەردو سـۆر تێکەربـووە لەسـەر سـوڵتان عەوڵڵایـە
ئاغـرەب کیـژە مەخمـووری تـاق قاقی مـەی تێدایە
یــارێ ئــاگات لــە خۆبــێ نەفامــی زۆر تێدایــە
یــارم هاتــە شــایێ جاحێــر دریــان گۆڕایــە

حەبیب ئاغا

هـە شـەڕە شـەڕ لـە هێلەوەیـە
حەبیـب سـوار بـوو ئـەوڕۆ فیتنەیـە
حەبیـب گاز دەگا مشـیر برایـە
ئـەوڕۆ سـێ ڕۆژە بۆسـە داندرایـە
گەرعـە بەدوعـا ڕوح جانفیدایـە

***

هـە شـەڕە شـەڕ لە شیوەشـارێ
حەبیب سـواربوو لۆیان چـووە خوارێ
دەسـترێژیان لێکرد وەك تەزرەی بوارێ
مەیتـێ حەبیبیـان فرێـدا خـوارێ
هەوریـەی حەبیبـم لـە دڕکان دارێ
سـمێری سوسـنی لـە خینـێ دارێ

***

هــە شــەڕە شــەڕ لــە چیایــە
عەلــۆی خورشــیدی خــدری پاشــایە
گــردێ پیرداودیــم بــەر لــە ســەحرایە
یاڵــلا وێــران بــی بــەر لــە ســەحرایە
مەیتــێ حەبیبــم وا لەبــن دایــە

ژن مارەکردن

هـێ بـرا سـەرم دێشـی شـیرین دەردی شـەوێیە
عـەسرەك پێشـی مەغریبـێ گرتـم عارەبـە ڕێیـە
پاکەتەکـی گوللـە سـۆر تفەنگـم قۆنـداخ بـە گرێیە
دووربینـم دا بەرچـاوم ڕۆنیـم ئـەو زێ و ئـەو زێیـە
دەچمـە قەراتەسـۆران دەرێـن مەرزانـی لێیـە
کاکـە شـەو میـوان بـووم کوڕەکـی زۆر بەجێیـە
تەعریفـی کیـژەی دەکـرد ماریـان لەسـەر پەڕێیـە
جغارەکـی دەدامـێ شـقارتەی مۆمـێ پێیـە
یـارێ تـو عەزیـەت مەخـۆ چەرخـی بەنزینـم پێیـە
بۆنـی بەنزینـی گرانـە لۆمـن گەلـەك بێجێیـە
بـە پێـش ماریـان دادەچـوم ڕاوەسـتا لـە دەرکێیـە
قسـەو گفتوگۆمـان بـوو لێمکردیـە هەروەسـتەیە
تەکلیفـی لادانێـی کـرد نوێـژەو وەختـی چایەیـە
کەیفـم لـێ بـوو بیدوێنـم بکەیـن یەك دوو قسـەیە
بابـم چوویتـە هەولێـرێ کاکـم لـە مرکیەیـە

کەیفی هەندێم هەرستا ڕایکێشمە لای ژۆرێیە
ڕجای دەکرد لێمگەڕێ دەپرسن میوان کێیە ؟
دەستی چاوڕەشێم دەگرت دەمبرد لۆ ناو حەوشێیە
ئەسمەر زۆرم خەو دێتن هەردوو چاوم شێوایە
چ مەلای پێ نازانی لەو مەنتیقەو لەو لایە
بابچینە گردگراوی مەلا ونس لەوێیە
وەعدەکی گەلە درەنگە سەعات دوازدەی شەوێیە
دەچووینە گردگراوی چووینە مارێ مەلایە
لە دەرکەی هەروەستەم کرد مەلا چایەی لێنایە
دەستم گەیاندە قاپی بە مەزبووتی هەستایە
مەلا هاتە دەرێ دەیگۆ: چت لێ قەومایە
ئەو کچەم هەرگرتییە ڕفاندیتم لەو لایە
دەوەرە لێم مارە بکە ئیشەکەی من ئەوهایە
مەلا ڕووی خۆی لەولای کرد جارێ دالغەی لێدایە
هەڕەشەم لەمەلای دەکرد دەمانچەم هەرکێشایە
ڕووی دەمانچەم تێ دەکرد دەتکوژم بەو خوایە
پێنج دینارم دەدایێ مەلا کەتە سەمایە

کـە پێنـج دینـاری دیـتن گوتـی فتـوای سـانایە
کـچ تەقریـری دەداتـن مـەلا خـۆی فتـوای دایـە
فاتیحەکـمان هەدیـە کـرد خوێنـدم قولهوئەڵڵایـە
دەسـتم لەملـی یـارێ کـرد ئۆبـار بـە ملـێ مەلایـە
شـەوێ لەوێنـدەر نوسـتین تێکـی نـەدەی خودایـە
لـۆ بەیانـی هەسـتاین چووینـە دارەخورمایـە
شـەو لـە خەومـا بـەرگ سـپی قاقـەزی دەرینایـە
هەمـوو قەلبـم دەلـەرزی زانیـم مەئمـووری خوایـە
سـەبر سـەبر هاتـە پێـش قاقـەزی دەرینایـە
لێـم پرسـیار کـرد جوبرائیـل چ بەحـس و چ هەرایـە
فەرمـووی مـن عیزرائیلـم بـۆ گیـان کێشـان وەکیلم
فەرمـووی قەبزی ڕوحتەکەم چونکـە ئەمری خودایە
بـە دەقیقـەو بـە سـەعات چارێگـەك عومـرت مایە
چۆکـی لەسـەر سـینگمدا گوتـی کارت تەواوکرایـە
گەلـەك شـوکرو سـابیرم چونکـە ئەمـری خودایـە
ئاقیبەتمـان مردنـە دنیـا لـۆ کـەس نمایـە
دوعـام دەکـرد یارەبـی هـاوار لـۆ تـو خودایـە

توخـودا گەلـە منـدارم تـازە ژنـم هینایـە
فـەردە شـەکرەك خێـر بیتن لەگـەر سـندوقەك چایە
عیزرائیـل فەرمـووی عەبـد ئەتـو کـردت دووعایـە
دووعـای تـو قبـور بـووە لـە بـارەگای خودایـە
خـودا دەوامـت بـدا عومـری تـو سـەت سـار مایـە
تاعەتـێ گەلـەك بکـە دنیـا لۆکـەس نمایـە
لـۆ خـودای سـورحام رێـی شـەیتانم بەردایـە
تۆبـەم کردیـە لـە خراپـەی تـازە ژنـم هینایـە
هەتـا ئـەو ڕۆژەی دەمـرم لێـت مەمنونـم خودایـە
پێمدەرێـن کاسـب نییـە دەگـەڕێ لـە دنیایـە
سـەردەمەکی ڕاوکـەر بـووم دەگـەڕام لـە ئاقـاری
مـن ڕاوی مامـزان ناکـەم تەقیـەی دەکـەم دینداری

سەفەر بەلك

هانـای بەبەر خـوای دەبەم دووەمیـن بەبەر ڕەبییە
بێ جێ و مەکان دەرعزور حوکمی لەسـەر عەردییە
ئـەو بەنـدەی ئەمـن بیرێم هیـچ بەشـەر نەیگۆتێیە
ئەگـەر بەنـدم درۆ بـوو هەمـوو دەبرێـن وەنییـە
سـاری سـەفەر بەلـك لفـی ڕەش بەگیـرا کەتییـە
عەسـکەری تورکـی غایەتـی عوسـمانی ڕۆیشـتییە
ئینگلیـس هاتـە عێراقـێ بـە بەرتیلـی گرتییـە
شێسـت تڕومبێلـی قەمـەرە بـە دایمـی ڕاگرتییـە
ئـەوەی عومـری هەژدەبی دەعـوای ویشـی کردییە
ئەوی بیسـت و یەك سـاربی تەعلیمی خۆی کردییە
ناردییـە کـوت و عەمـارەی لەوێـی قەیـد کردییـە
قـوەی وا لـە بەسرایـێ لـەوێ قەیمـی کردییـە
لـە بەغـدا زەق زەقەیە حەفـت جوویان سـەربڕییە
حەفـت جولەکـەی غەیبـەرێ لەسـەر ئیسـتهلاکییە
مەلیـك غـازی چ دەرێ تەگبیـری لەسـەر چییـە

قـوەی گەلـەك ئەسـتووره عەسـكەری وی كوردییـه
تـورك و ئەرمـەن و عـارەب هەرسـێك لاگیـری وییـه
هـەر حەفـت دەورەتیش یەك بن لەكنەوی هەر چ نییه
لـه ئەوروپـای دانیشـتن مەعبـوزه لـەوێ چ نییـه
عیسـمەت پاشـا ماقولـه ئـەو مەجریسـی زانییـه
مەرخەسـی ئەوروپـای مەعبـوز مۆریـان كردییـه
عیسـمەت پاشـا ماقولـه ئـەو دەورەی تورکییـه
جوابـەك لـه خـوارێ هاتییـه لـه وراتـێ ئەجنەبییـه
گەنمـی قۆنتـەرات دەكا لـه دینـار تێپەڕییـه
گەنـم دینـارو نیـوەك ڕوبعـەك لـۆ كرێباریـه
جـۆی دەبـڕی لـه عێراقـێ دەرێـن هەمـووی كڕییه
خـوری و كاوڕ هەرسـتا قۆنتەراتـی گرتییـه
خـوری لـه بـۆ فاسـۆنی كاوڕیـش لـۆ گۆشـتییه
بـه ئەقـری مەندانـێ لـۆ سـەفەر بەلـگ لفییـه
برایماغـا سـواربی ئـەو لەگـەر قادرییـه
حوسـێنی مـەلاش بێـتن ئـەو لەگـەر قادرییـه
پێنـج ئاغـەش لەوبـەر بێـن یـەك تاهیـره فەندییـه

هەموویان یەکدیگرن لەکن مەلا فەندییە
مەزبەتەکیان دەنووسی لەبۆ مەلیك (غازی)یە
خودا لێت هەرناگری سەری قورعەت گرتییە
دایم قورعە کێشانە هەرا لۆ (مەخموورى)یە
چ بکەم غیرەت غایە ئاخیری زەمانییە
ئاغەکانیش بێدەنگ بوون چونکە وەختیان نییە
بەخوای دەورەکی خۆشبوو دەورى مەلیك غازییە
هەندە دەوامی نەبوو مەلیك غازی مردییە
کوڕیان لە جێی دادەنا ئەو فێسەرى سانییە
نورى سەعید ماقولە وەکیلی خارى وییە
بابێ مە ڕەشید عالی لە نەوەى غەوسییە
ڕەئیس ئەرکانی جێشە وەزیرى داخیلییە
پێنج وەزیفەى لە دەست ئەو لە جێی مەلیکییە
حاکمەکی ئینگلیسی هات لۆکن (ڕەشید عالی)یە
تۆپ و جبەخانەم دەوێ عەسکەرت لۆ من نییە
ئەگەر تۆ قاسید نەبی سەرت دەبڕم لە قەلبییە
حاکمی ئینگلیسی هەرات بە تەیارەى ڕۆییە

چـۆوە نـاو ئۆردیـگای خـۆی ئێسـدە ماتـی کردییـە
عەسـکەر هـات لـە مـوسڕێ منـاوەرەی کردییـە
بەخـۆم لـە پـردێ دیتـم ئـۆردی بەڕێکردییـە
هـەر پێنـج وەزیریـش یەکـن لـێ بێخـن مەلیکییـە
بەکـر سـدقی پێـی زانـی خەبـەر لـە مەلیکییـە
تەیـارەی بەهـەوای کـەت تۆپـی دامەزراندییـە
دەمـەوێ لـۆم خراکـەن ئـەو قەسرەیـێ سـپییە
مـاری هـەر پێنـج وەزیـری تەفـرو تونـا کردییـە
فنـش و فەناشـی کـرد لـە بەغـدای دەرکردییـە
دووی لـە موسڕێ حەبس کرد سـێی لۆ لەندەن ناردییە
وەك مسـتەفا کەمالـی دنیـای تەخـت کردییـە
پێنـج وەزیـری دیکەی دانا یەکیان (بەکر سـدقی)یە
ڕەشـید عالـی هەرسـتا بـە تەیـارەی ڕۆیییـە
یـازدە کەسـی لەگـەرە یـەك جەمیـل مەدفەعییـە
خەزێنـەی مـوسرو بەغـدای هەمـوو لـۆ خـۆ بردییە
عەسـکەر گەییـە سورداشـی پشدەریشـی گرتییـە
بەکـری سـەلیم ئاغـەی بەخشیشـی وەرگرتییـە

عەبـاس ئاغـەی خەراتکـرد تڕومبێلـی زەرێزییـە
عەسـکەر دێ لـۆ پشـدەرێ ئەمـن چ هەقـم نییـە
پشـدەریش بەرحوکـم بـی وەکـو پایتەختییـە
جەحدەیـان تەواو خۆشـکرد لۆ حـدودی عەجەمییە
جـسری وا لـە دوکانـێ عەسـکەر لـێ تێپەڕییـە
هەمزە بەگ لەوێ دانیشـت سـەکردەی عەسـکەرییە
ئـەوەش هەمـوو فەندێکی لۆ جەحفەر عەسـکەرییە

دەشتا قەراجی

دەشـتا قەراجـی هـەرێ بویکـێ پانـەو بەرینـە
شـالا ل پشـتێ هـەرێ بویکـێ ئارمیشـێ شـینە
دوو کچـکا سـیارکەن هـەرێ بویکـێ گوهـار زێڕینە

***

دەشـتا قەراجـی هـەرێ بویکـێ یـا ب خـڕە بـەرە
شـالا ل پشـتێ هـەرێ بویکـێ ئارمیشـێ زەرە
دوو کچکا سیارکەن هەرێ بویکێ چ خۆش سەفەرە

***

دەشـتا قەراجـی هـەرێ بویکـێ ل ژێریـا وەلاتـی
دوو کچـکا سـیارکەن هەرێ بویکـێ مەمك نەهاتی
کەمـەرا زێـری هـەرێ بویکـی پشـتی وەرهاتـی

***

دەشـتا قەراجـی هـەرێ بویکـێ چەنـدا بـێ داری
هێسـترێت مە جاشـن هەرێ بویکـێ ناهێنە بەر باری
ئـەز خزمەتچیمـە هەرێ بویکێ دێ گرم دەسـتباری

شەڕی شێخ مەحموود و ئینگلیز

کاکە گێمدەنێ لێمبگرن قرار
بەحسی غەزایێ لۆو بکەم ئیزهار
گرانیەك داکەت لەهەر چار کنار
واوەی نەفسی بوو خودایە هاوار
ئیسلام نسکۆیدا دەبوو زەرەردار
ئینگلیز قوەی ستاند گرتی هەموو شار
جەزای دادەنا ئەو سەگی مردار
تۆفیقی نەدەی خودایە هاوار
با بیکەین بەحسی ئەو سوڵتان ڕەشاد
حوڕیەتی دانا کردی فەساد
خودا وەی پێ بوو نەیدیت چ مراد
جووی کردە عەسکەر، دیان بەخۆی هات
نەیدیت چ مراد، مرادو مەخسود
بابیکەین بەحسی قوربان شێخ مەحموود
لەگەر ئینگلیسی قسەی نەبوو

چـوو لەگەر مەندوبی قسـەی کـرد ئیزهار
شـێخ مەحمـوود شـێخە شـێخی بـە کەمال
هـەروەك خەنجـەری شـیرن جەوهـەردار
لەنـاو کالانـێ ناگریـتن قـەرار
هەسـپی دەرینـا لێـی دەبـوو سـوار
دەسـتی گەیانـدە تفەنگـی جامبێـزار
دەچـوە مەیدانـێ زیـرەی دێ وەك مـار
کافـری سـەردەبڕی شـێخی بـە کەمـال
تێلەکیـان لێـدا ئـەو لەبـۆ قـرار
شـێخ مەحمـوود لێـی گرتـن چـار کنـار
ئەگـەر خوداوەنـد نەیانـکا قوتـار
نەخـۆ لادینـەك قـەت نابـن ڕزگار
کافـران دەکـوژی دەیـان تۆپینـی
تـۆپ و ترومبێـل بەدیـل دەیهینـی
ئـەو هەمـوو کافـرەی غـەدار
غارەبەیـان کـرد دەهاتـن بەغـار
هـەی داد هـەی بێـداد شـێخی گـەورە

شــەڕەك داكەتیــە لەوبــەر لەوبــەرە
دەنگــی تۆپــان دێ لــەو ســەران ســەرە
حەیفــە شــێخ بچــێ بــە تۆپــی فەلــە
هــەی داد هــەی بێـداد لــۆ هەمەوەنـدی
چەكیــان لەخــۆدا لەگــەر كەمەنــدی
شــەڕێ شــێخ مەحموودی بگرن سەرهەدی
شــێخ مەحمــوود شــێخە بەخــۆو بەكــوڕی
هەســپی دەرینــا ڕەخشــی ســم خــڕی
كافــران دەكــوژی زگیــان دەدڕی
هەی داد هەی بیداد مشیر حەمەی سولەیمانی
دینــی خــۆی فرۆشــت چــی لــێ نەزانــی!
بــە پێــش ئینگلیــز كــەت لــۆ ســولەیمانی
كافــر دەشــكان تــا كەنگربانــی
حەیفــە شــێخ بچــی قوتبــی زەمانــی

لە تەیران

لــە تەیــران تەیــرێ ســپیمە
لــە باغــان هــەر نیشــتیمە
لەســەران وەز هەوریمــە
عاشــقێ ســینگێ ســپیمە

* * *

لــە تەیــران تەیــرێ ڕەشــم
لــە باغــان گــورێ گەشــم
لەســەران وەز مامەشــم
عاشــقێ ســینگ بــە نەقشــم

* * *

لــە تەیــران وەز کوڕکــوڕم[1]
بــە چەنــگ و بــار دەفــڕم
عاشــقێ مەمکــێ خــڕم
لــە بــۆ وی دەمــرم

---

١. - کوڕ کوڕ: جۆرە باڵندەیەکە.

* * *

لـــە تەیـــران وەز تەیرۆکـــم
لـــە باغـــان گـــورێ کۆکـــم
لـــە ســـەران وەز دەسرۆکـــم
عاشـــقی نـــاو عەیشـــۆکم

نازدار

نـــازدارو نـــازدار نـــازدارەی داکـــێ
گەردەنـت برندکـە بۆنکـەم خەناوکـێ
ئارەقـــەی مەمـــکان ئـــاوێ فەڕاکـــێ

***

نـــازدارو نـــازدار نـــازدارەی شووشـــە
ئاگـرت تێپەردام سـووتام وەك پووشـە
وەرە مارێمـــە دەمـــەك ڕوونیشـــە
ڕووی داکـت ڕەش بـێ لێینـا بڕووشـە

****

نـــازدارو نـــازدار نـــازدارەت کـــردم
لـەو کاولـە گونـدەی بـێ مـرازت کردم
فرمێسـکی چـاوان ڕوومەتیـان بـردم
وەك ڕۆیشـــتی لـــۆ چـــی نەتـــبردم

***

نـــازدارو نـــازدار نـــازدارەی بابـــی
وەکـــی کۆترۆکـــەی بـــار بـــە شـــۆرابی
لـــە درم تاقیقـــە تـــوو لـــۆ مـــن نابـــی

ئەو سەفەرە

ئــەو ســەفەرەم ســەفەرە
لــۆ دیبەگــەی[۲] بــە خێــری
یــارم ڕەئیســی کێژانــە
دانیشــت ئەمــری دەگێــڕی
مەمکــت فنجانــێ قــاوەی
ســینگت ســعاتی زێــڕی
خــۆ مــن نەبوومــە قاوەچــی
لــە بــۆ هەرگێــڕ وەرگێــڕی

۲. دیبەگە: ناحیەی دیبەگە سەر بە قەزای مەخموورەو (کەندیناوە)شێ پێ دەڵێن.

ئەوڕۆ دوو ڕۆژە

ئــەوڕۆ دوو ڕۆژە درم لێــم زیــزە
لــە یــارێ فکریــم ڕەنگــی زۆر سیســە
قافــرەو بازریــگان دەچمــە بــە تلیســە
لــۆ یــارێ دەکــڕم بــەرگ و ئەلبیســە
مــاڵ ســوند دەخــوا بــە دینــی موســا
دیــان ســوند دەخــوا بــە دینــی عیســا
ئــەو چیتــە چاکــە هاتیــە لــە ڕووســە
چەنــد گــەزی دەبــڕن زێــڕەك بنووســە
یــارم کۆتــرە دائیــم لــە لیســە
بــە کراســی کتــان لەســەر پەنجانــی
قۆنــدەرەی مــۆدە دەگــری پانیانــی
ســوخمەی گورباتمــان لەســەر مەمکانــی
زولفــی چەنــد شــۆڕن کەوتنــە گیرفانــی
تاقــە گورەکــەی خــۆم گوریــێ بیبانــی
لــە چەنگــم بەربــوو قــەدرم نەزانــی

مەمانێ و مەمانێ

مەمانـــێ و مەمانـــێ
ئەســـمەر خـــەو گرانـــێ
خۆزیـــا وەز تیســـك بـــام
لـــە تیســـکێ بەرانـــێ
خواردنمـــان لێـــراو بـــا
لـــە داڕێ قەزوانـــێ
چـاو لـە خـەوێ شـیرن بـام
دەســت لــە ملــێ حەیرانــێ

***

خۆزیـــا وەز تیســـك بـــام
لـــە تیســـکێ کارۆکـــێ
خواردنمـــان لێـــراو بـــا
لـــە داڕێ کرۆکـــێ
چـاو لـە خـەوی شـیرن بـام
دەســت لــە ملــی نۆبوکــێ

***

خۆزیا وەز تیسك بام
لە تیسکێ مەرەزێ
خواردنمان لێراو با
لەدارێ دارگیزێ
چاو لە خەوێ شیرن بام
دەست لە ملێ مامزێ

فاتمێ توم فاتمی

فاتمێ توم فاتمی

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

فنجانەی دەست حاکمی

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

نەمری و بژی هەر لۆ منی

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

* * *

لە پشتێ خۆی بەست کەمبەرە

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

لە جەرگیدام جۆت خەنجەرە

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

دیتنی ئاخ و کەسەرە

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

ماچیشی حەج و ئەکبەرە

شۆڕ دەلالێ فاتمێ

دوو پارچە هۆنراوەی فۆلکلۆری

- ١ -

حــەزم لــە کیژەکــی کــرد
ســەبحەی کیــژێ خــدری
قۆنــدەرەی حەفــت تیلمــە
پــێ و پانیــانی دەگــری
دەســتی ســەبحەی دەگــرم
دەیبەمــە ســەر زێڕینگــری
دەبــا لــۆ خــۆی هەربگــری
گــوارەو هــوردە خــشری

- ٢ -

لــە گونــدان کێنــدەر خۆشــە
ئــەو گاوەرەی حەســەنی
ئــەو کیــژە پەرچــەم زەردە
چــاوی رەش کا بــە کلی

ســـینگی کەرخـــی مەرجانـــان
بـــا بســـوتێ وەک ئاگـــری
ئەگـــەر نامەیـــێ ماچـــەک
ئۆبـــاری منـــت بـــە مـــلی
هـــێ کچـــێ مەیلـــت دانانێـــم
هەتـــا دەچمـــە بـــن گـــری.

چەپکێ حەیران

- ١ -

حەیران دەشتێ قەراجی کاکی بە کاکی، سەلام بە باربی لە بەژنێ باریك لە پیرە داکی، ئیویێ[٣] بەژنێ باریك دانانێم هەتا خڕەی بێرانم لەسەر سینکی دێ هەتا تەسلیمم دەکەن بە گۆڕو خاکی.

- ٢ -

حەیران لە دەراوێ شەبەکان، بازم هەرفڕان لەگەر سی و وەردەکان، سەلام بە باربی ئەوسارەکە بواڕێ وەکی شۆڕدەبوونەوە لە زووری سولتان عەبدوڵڵای عارەبی لە لیفکە شۆڕان لە چاوبەرەکان.

- ٣ -

حەیران خەمان هەرمەگرە چ بە خەمان پێکنایێ، ئەوسار بواڕێ وەرە بچینەوە سەر سولتان عەبدوڵڵای عارەبی هاوار بکەین غەوسەکەی مار لە بەغدایێ، وەرە ئەمن و تو تۆبەکی بکەین خالیس و موخلیس لەسەر دەستی شێخ عەبدولکەریمەکەی دارە

٣. ئیویێ: هیوا - ئومێد.

خورمایـێ[٤].

- ٤ -

حەیـران لـە خـەلان و باوەخـەلان، دەسـتدەوە تفەنگـێ خـۆت ئێـواران و سـبەینان لۆمـن وەرەوە ڕاوێ سـی و پـۆڕو خەرتـەلان، ئەمنیـش خـۆت لـۆ دەکەمـە بەردیلەکـی بەدامـەن و بـەرۆك لـۆت دێمـەوە لـەدوای هەمـوو مێگـەلان.

- ٥ -

حەیـران قەراجـۆك دێمـە، ئەوسـار چەنـد سـارە بـە چۆڵـی لێمـە، کیـژ دەرێ: زێرەکـم هەیـە مسـقالەك کێمـە[٥] نازانـم ئـەوڕۆ سـبەینێ لـۆت بکەمـە زنجیـرێ سـعاتی نـە لـە بـۆ خـۆ بکەمـە گـوارەو خەزێمـە.

- ٦ -

حەیـران خۆخـێ لـۆ گۆتمـە هەنـارێ، بـە ژنـێ باریـك وەرە ئەمـن

٤. دارە خورما: گوندێکە لە بناری قەرەچووغ.
٥. کێمە: کەمە.

و تـوو دەسـتێ خـۆ تێکبگریـن بچینـەوە کەرکـێ حوسـێنی غـازی بزانیـن چیکردیـە فـەسری بـواڕێ، نازانـم بەژنـێ باریـك لـە مانگـێ نیسـانێ نـە بکەمـە داکـێ لانکـێ نـە بیکەمـەوە کابانـی مـارێ.

- ٧ -

حەیـران ڕۆژم لـێ هـەرات لـە قەراتـی هەولێـرێ، لـۆم دەدا لـە قەرەچووغەکـەی خۆمـان ڕۆن دەکا کوندەکـی دێـرێ، نازدارحەیرانـم چەند شـیرین دەدیـت لـە مەعبەینـی دارەبـازەی تەونـی ناوەڵـلا وەکـی هێـواران مەنجـەری بەلاملـێ خـۆدا دادەدا شـۆڕ دەبیتـەوە لـۆ گـەرووی بێـرێ.

- ٨ -

حەیـران دەرێـم: کێـژۆرە جوانـێ، دەسـت بـە بازنـێ مـل بـە مێـروو مەرجانـی، مارەبابـێ تـوو لێنـا ڕۆییـە خـوارێ بـە گەریـێ عەلـی بەگـی ئەوجـا نـەرم نـەرم پـاش بـارێ خـۆی دادەنـا لـە دۆرێ خانـێ[٦].

٦. دۆرێ خانی: دۆڵێکە لەنزیك گەلی عەلی بەگ.

- ٩ -

حەیران سەرم دێشی درم بە باڕێ خەمان دەناری، موریدو دەرۆیش سەرێ دوو سارانە چەند عەبدارن لەدوو بابێ عەبدول کەریمی[٧] شێخەکەی کاولە مشاری [٨]، بەخۆی ڕۆیشت ئەمەشی بەجێهێشت لە خەم و تاری.

- ١٠ -

حەیران لەمێژە لێم براینە جوابە، هەناوم سووتاینە لە جەرگم دراینە زەردە قولابە، دیتنێ بەژنێ باریك و ناوقەدێ زراوو زەندێ بە بازن لەمن بووینە حەزرەت و کابە.

- ١١ -

حەیران لەسەرێ سەفینی لەبرندا پیرە تارینی، بایێ شەمارە شێتەی دەبزێوی دەدا لە شازولفێ حەیرانێ سەبر سەبرۆکە لە پەڕێ خەزێمێ دارینی، ئەوجا ئەمن دەرێم خۆزی بە

٧. بابێ عەبدول کەریمی: مەبەست شێخ (یوسف سلێمان)ە کە ناسراوە بە کاك مەلا پیاوێکی ئایینی بەناوبانگی دەشتی قەراج و مەخموور و هەولێر بوو.
٨. مشار: گوندێکە لە دەشتی مەخموور.

خۆزیـداران باجگـرو باجەسـتینێ ماچـان بـام لەسـەر پردەکەیـا پیـرە ڕوانـدزێ لـە شـل و مـل و چـاو بـە کل و نێـك بەکەمبـەران لـە خەزێـم شـۆڕێ خەیلانیـان لـە یەکـە یەکەیـێ گەردییـان لـە پەرچـەم سـۆرێ خۆشـناوان ناوەڵـلا فـەسرێ دەرە بـواران لەسـەر بیرەکەیـێ مەحمـودی سـەنان[٩] لەچـاو بەرەکـێ دزەییـان ناوەڵـلا لـە حەیرانەکـەی خـۆم کـە دەمشـبهاند بـە خاتوونـە پـەری خوشـکێ یەحیـا بەگـی کـە سـەرێ چەنـد سـاران ئاشـق بـوو لـە چیایەکـەی مـەلا زێندینـان ناوەڵـلا لـە بـە کەیفـێ درێ خـۆم و بـرادەران بـە جەواهێـرێ ئەحمـەد بارینـی.

- ١٢ -

حەیـران لـە سـپیلکان لـە سـپیلکێ سـەرخانێ، لەگـەر کۆمەرەکـێ بـرادەران دەگەڕایـن لـەڕاوێ کێروشـکەکم هەردەسـتاند لەبـن مـارە کەبەرەکـی جۆتـە تاژییەکـی گـێ بەڕیشـۆرەی چارپـەل بەخەنـەم بەردەدانـێ، سـەرەکیان لێـدەدا لـە دەشـتی پیـرە قەراجـی

٩. بیـری مەحمـوودی سـەنان: کەوتۆتـە سـەر ڕێـگای نێـوان هەولێـر- مەخمـوور، لەنزیـك گونـدی (کەنـداڵ)و (گاوەرە).

خەندەکێ مامە خەلیفەی دەیانهێناوە خواڕێ قەرەبۆتك و قەرەبێتکان زووری شێخ سمایلی دەیانهێناوە خواڕێ کلکەیێ چارداغی دەوراو پشتی قەراتی پیرە هەولێرێ هێواڕە درەنگە لەعاردیان دەدا لەبن گومبەتەکەی مێرەمە دیانێ.

سەرنج:

هۆنـراوەو حەیرانەکانـی ئـەم کتێبـەم لـەم بەڕێزانـە وەرگرتـووە، ئەگـەر نـاوی بەڕێزێکـم لەیادچووبێـت ئـەوا داوا لێبووردنـی لـێ دەکـەم:

١- مـام ڕەفیـق مـەلا محەممـەد مـەلا ئەحمـەد چنێرانـی، تەمـەن (٦٢) سـاڵ.

٢- مام عیزەدین نادر سفر، تەمەن (٧٠) ساڵ.

٣- پووڕە خوچێ، تەمەن (١٠٠) ساڵ.

٤- مامەند سەعید، تەمەن (٤٠) ساڵ.

٥- حەمید خدر شێروانی، تەمەن (٥٠) ساڵ.

غەفوور مەخموورى

- غەفوور تاهیر سەعید سارمەمی، ناسراو بە (غەفوور مەخموورى).
- ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی کەندی قەلان (وادي الغراب)ی سەر بە قەزای مەخموور لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی میجانی سەرەتایی لە گوندی (مشار) تەواوکردووە.
- خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە مەخموور و هەولێر تەواو کردووە.
- دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی

سـەلاحەددین - هەولێرە.

- لـە سـاڵی ١٩٩٥ بـە هـاوکاری کۆمەڵـێ کەسـایەتی نەتەوەیـی و وڵاتپارێـز یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDKی دامەزرانـدووە.

- سـکرتێری گشـتیی یەکێتـی نەتەوەیـی دیموکراتـی کوردسـتان YNDKە.

- ئەندامـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـووە لـە خولـی دووەم (٢٠٠٥ تـا ٢٠٠٩).

- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە.

- ئەندامی کارای فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانە IFJ.

- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.

- ئەندامـی گـەڕی یەکەمـی دیالۆگـی کـوردی - عەرەبـی بـووە، کـە لـە مایسـی ١٩٩٨ لـە قاهیـرەی پایتەختـی میـسر بەسـترا.

- کارگێـری لێژنـەی بـاڵای بەرەنگاربوونـەوەی بەعەرەبکردنـی کوردسـتانە.

- ئەندامی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردە.

- ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان KNK ە.

- خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (میدیا)یە.
- سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گۆڤاری (سەرخۆبوون)ە.
- ئەندامی زۆربەی زۆری کۆنگرە و کۆنفرانسە سیاسی و ئەکادیمییەکان بووە کە لە کوردستان و دەرەوە بەستراون.
- کۆمەڵێ وتار و لێکۆڵینەوەی هەزری و سیاسی و رۆشنبیری و ئەدەبی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە.
- تا ئێستا کۆمەڵێ کتێبی بەچاپ گەیاندووە، کە ئەمانەن:

١- سەرەتایەك بۆ حەیران کورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٩.

٢- بناری قەرەچووغ، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩٠.

٣- سێ تیشك لە پەنجەرەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، شەقڵاوە، ١٩٩١.

٤- حوارات حول القضية الكوردية، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٩.

٥- حوارات حول القضية الكوردية، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٠٠.

٦- حەیران (چەمك - ناوەڕۆك - سەرهەڵدان)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٧- بەعەرەبکردنی کوردستان چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨- تعريب كوردستان، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠٠٦.

٩- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

١٠- بصراحة، الجزء الأول، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٠.

١١- هەگبەی مەخموورى، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢- بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٣- عومەر خامۆش (کۆشیعر)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤- تعريب كوردستان ، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠١٣.

١٥- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد... ئەرکە هەنووکەیی و ئامانجە ستراتیژییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٦.

١٦- الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٧.

١٧- نحو حرية واستقلال كوردستان، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٧.

١٨- مسعود البارزاني رمز الپێشمەرگایتي والمقاومة القومية، الطبعة الأولى، أربيل، ٢٠١٨.

١٩- هزر و رامان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- الإتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK (اليوبيل

الفـضي ١٩٩٥ - ٢٠٢٠)، الطبعـة الأولى، طهـران، ٢٠٢٠.

٢١ - يەكێتـی نەتەوەيـی ديموكـراتی كوردسـتان YNDK (يۆبيـلی زيويـن ١٩٩٥ -٢٠٢٠)، تـاران، ٢٠٢٠.

٢٢- اسـتقلال كوردسـتان (الأفـكار و التأمـلات)، الطبعـة الأولى، طهـران، ٢٠٢٠.

٢٣- تعريب كوردستان، الطبعة الثالثة، طهران، ٢٠٢٠.

٢٤- بەعەرەبكردنی كوردستان، چاپی چوارەم، تاران، ٢٠٢٠.

٢٥- لەپێناو كوردستان، چاپی يەكەم، تاران، ٢٠٢٠.

٢٦- هەگبەی مەخمووری، چاپی دووەم، تاران، ٢٠٢٠

٢٧- بصراحة، الطبعة الثانية، طهران، ٢٠٢١.

٢٨- تعريب كوردستان، الطبعة الرابعة، القاهرة، ٢٠٢٢.

٢٩- رسالتي من اجل كوردستان، الطبعة الأولى، طهران، ٢٠٢٢.

٣٠- اسـتقلال كوردسـتان (الأفـكار و التأمـلات)، الطبعـة الثانيـة، القاهـرة، ٢٠٢٢.

٣١- بصراحة، الطبعة الثالثة، القاهرة، ٢٠٢٢.

٣٢- رسالتي من اجل كوردستان، الطبعة الثانية، القاهرة، ٢٠٢٢.

٣٣- يەكێتـی نەتەوەيـی ديموكـراتی كوردسـتان YNDK (بەڵگەنامەكانی

شەشەم كۆنگرەی YNDK), چاپی یەكەم، هەولێر, ٢٠٢٤.
٣٤- الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني YNDK (وثائق المؤتمر السادس ل YNDK)، الطبعة الأولى، أربيل , ٢٠٢٤.
٣٥- الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الثانية، أربيل، ٢٠٢٥.
٣٦. سەرەتایەك بۆ حەیران و كورتەیەك لە ژیانی حەمەد بەگی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.
٣٧- بناری قەرەچووغ، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.
٣٨- سێ تیشك لە پەنجەرەی شیعرەوە، چاپی دووەم، هەلێر، ٢٠٢٥.
٣٩- عومەر خامۆش (كۆشیعر)، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.
٤٠- حەیران (چەمك - ناوەرۆك - سەرهەڵدان)، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٢٥.
٤١- الحيران (مفهوما ومضمونا وظهورا)، الطبعة الثالثة، القاهرة، ٢٠٢٥.
٤٢- راپەڕینی ١٩٩١ (چیمان كرد... چی بكەین)، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٢٥.

THE SLOPE OF MOUNT QARACHOGH

Ghafour Makhmouri

دەڤەری مەخموور یەکێکە لە دەڤەرە دەوڵەمەندەکانی کوردستان لە رووی فۆلکلۆرەوە، ئەم هۆنراوەو حەیرانانەی دوو توێی ئەم کتێبە تایبەتن بە دەشتی قەراج و مەخموور و کەندیناوە و گوزارشت لە سروشت و بۆنەو شێوەی ژیان و روانینی هۆنەرانی میللی ئەو دەڤەرە بۆ رووداوەکانی دەڤەرەکە و کوردستان دەکەن، ئەوەی دەیخوێننەوە بەرهەمی شایەرو هۆنەرانی میللی بناری (چیای قەرەچووغ)ە، لە (بناری قەرەچووغ)ەوە بۆ شوێنانی دیکە رۆیشتووەو بڵاوبۆتەوە.

غەفوور مەخموری